# جینۆسایدی لە باشوری کوردستان

## ئەنفالی گەرمیان بەنموونە

**توێژینەوەیەکی ( مێژوویی – سیاسی ) یە لە سەر ئەنفالی گەرمیان**

**نووسینی**:

**زانا فەقێ محەممەد**

**٢٧١٢ کوردی ٢٠١٢ زاینی**





***جینۆساید لە باشووری کوردستان***

***(ئەنفالی گەرمیان بەنموونە)***

****نووسینی: زانا فەقێ محەمەد .***

**** هەڵەچن: سەردار حەمید خورشید(نۆڕێ)***

****نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: ئەکرەم محەمەد***

****تیراژ: 500 دانە.***

ژمارەی سپاردنی (١٤٣٢)ی ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

****چاپخانە: یاد***

**لە سەر ئەرکی پەلەمانتار (سالار محمود) چاپکراوە.**


بِسم الله الرحمن الرحيم

﴿يَسئَلُونَكَ عَنِ الأنفال
قُلِ الأنفالُ لِلّهِ وَالرَّسُول﴾

صدق اللّه العظيم

سورة: الأنفال- الأية (١)

# پێشکەشە بە

❖ بە دایك و باوکم کە تا ئێستا منداڵیم پێ ئەبەخشن.

❖ بە خوشك و براکانم و تەواوی ئەندامانی خێزانەکەم.

❖ بە ڕۆحی پاکی تەواوی ئەنفالکراوەکانی کوردستان.

❖ بە کەسوکاری ئەنفالکراوە بەڕێزەکان.

❖ بە تۆی خوێنەر.


# سوپاس و پێزانین

❖ سوپاس بۆ خوای مەزن کەپشتیوانم بوو لە تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.

❖ سوپاس بۆ ماموستای سەرپەرشتیارم (د. کەیوان ئازاد ئەنوەر) کە زۆر لەگەڵم ماندوو بوو بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکەم.

❖ سوپاس بۆ بەڕێزان (تەها سلێمان- سالار محمود مراد علی- م. سیامەند کەریم- مەلا تەحسین- ساڵەح هەلاج- د. محەمەد حسێن) کە بە پێدانی سەرچاوە هاوکاریان کردم .

❖ سوپاس بۆ هەریەکە لە (دیار عبدالجبار- م. سلام عبدلکریم- هێمن کەریم غێدان- پێزان کەمال- دانا فەقێ- هیوا حەمید- عەبدولرحمان نامیق) کە یارمەتی دەرم بوون .

❖ سوپاس بۆ مامۆستا (سەردار حەمید خۆرشید)،کەوا جگەلە کاری هەڵەبڕی کتێبەکە، پێداچوونەوەشی بۆکتێبەکەم کرد .

❖ سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بە یەك وشەیش بێت یارمەتیان داوم .

## کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| (س، پ ) | سەرچاوەی پێشوو |
| (هـ، س) | هەمان سەرچاوە |
| (و) | وەرگێڕ |
| (لـ) | لاپەڕە |
| (ز) | زایینی |
| (د.) | دکتور |
| (ی. ن. ك) | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| (ژ) | ژمارە |
| (ب.س.چ) | بێ ساڵی چاپ |
| (ب.ش.چ) | بێ شوێن چاپ |



## ناوەڕۆك


پێشەکی.......................................................................................... ١١

بەشی یەکەم: چەمکی ئەنفال و جینۆساید........................................١٥

باسی یەکەم: چەمکی ئەنفال و پێناسەی ئەنفال............................ ١٦

باسی دووەم: چەمکی جینۆساید و جۆرەکانی.................................... ٢٠

بەشی دووەم: قۆناغەکانی ئەنفال............................................... ٢٣

باسی یەکەم: قۆناغی یەکەمی ئەنفال............................................ ٢٥

باسی دووەم: قۆناغی دووەمی ئەنفال...............................................٢٥

باسی سێیەم: قۆناغی سێیەمی ئەنفال............................................. ٢٧

باسی چوارەم: قۆناغی چوارەمی ئەنفال........................................... ٢٩

باسی پێنجەم: قۆناغی(پێنجەم و شەشەم و حەوتەم)ی ئەنفال........... ٣٠

باسی شەشەم: قۆناغی هەشتەمی ئەنفال........................................ ٣٢

بەشی سێیەم: ئەنفالی(گەرمیان)........................................... ٣٥

باسی یەکەم: قۆناغی (سێ)ی ئەنفال........................................... ٣٦

باسی دووەم: قۆڵەکانی هێرشی سوپای بەعس بۆ سەر (گەمیان)...... ٣٨

باسی سێیەم: پلانی پەلامارەکانی (گەرمیان)................................ ٣٩

یەکەم- پلانی (خورماتوو)................................................................ ٣٩

دووەم- پلانی (قادر کەرەم و باکوری گەرمیان)................................٤١

سێیەم- پلانی (سەنگاو و باشووری گەرمیان)................................ ٤٣

باسی چوارەم: سەنتەری کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکان...................... ٤٦

باسی پێنجەم: کامپە تایبەتییەکان.............................................. ٤٨

باسی شەشەم: زەرەرو زیانەکانی (گەرمیان).................................. ٤٩

بەشی چوارەم: هۆیەکانی قوڵبوونەوەی هێرشی ئەنفال لە گەرمیان.. ٥١

باسی یەکەم: هۆکاری سنوری جوگرافی......................................... ٥٣

باسی دووەم: هۆکاری تۆبۆگرافیا.................................................. ٥٤

باسی سێیەم: هۆکاری سیاسی....................................................... ٥٥

باسی چوارەم: هۆکاری ئابوری...................................................... ٥٦

یەکەم- نەوت................................................................................ ٥٦

دووەم- بەروبوومی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری...................................... ٥٧

بەشی پێنجەم: ئەنفال لە زاری ڕزگاربووانەوە.............................. ٥٩

یەکەم- نەوروز علی حسن.............................................................. ٦١

دووەم- نوری غێدان حمد............................................................... ٦٧

سێیەم- جواد ناوخاس.................................................................... ٧٢

چوارەم-شنۆ علی ڕەزا.................................................................. ٧٦

پێنجەم-ئامینە ولی غێدان.............................................................. ٨٥

دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیار...................................................... ٨٩

لیستی سەرچاوەکان....................................................................... ٩٣

پاشکۆی بەڵگەنامەکان.................................................................. ٩٨






# پێشەکی

پەلاماری (ئەنفال) یەکێکە لە گەورەترین ڕووداوەکانی قڕکردنو جینۆساید کردنی نەتەوەی کورد لە مێژووی خۆیدا، چونکە (١٨٢٠٠٠)سەدو هەشتاو دووهەزار مرۆڤی بێتاوانی کورد بەبێ جیاوازی (ڕەگەز و تەمەن) کۆمەڵکوژکران! هەروەها بەشێکی زۆری (ژینگە و سروشت و کەلتور و جوگرافیا)ی کوردستانی باشوور تێکدرا، بەوەی لەم پەلامارەدا گەورەترین ئەو چەکە کوشندەی بەعس خاوەنی بوو تێدا بەکارهێنرا، کە ئەویش چەکی(کیمیاوی) بوو، هەر بۆیە ئەم پەلامارە کاریگەری تەواوی لە کوردستانی باشووردا لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا دروست کرد، وەکو لایەنەکانی (سیاسی و ئابووری و کومەڵایەتی و دەروونی و ...تاد)، ئەم پەلامارە سەربازییەش لە ژێر ناوی (ئەنفال)دا ئەنجامدرا و لە (هەشت) قۆناغ و قۆناغی کۆتایی پێکهات، و لە (شەش) ناوچەی کوردستانی باشووردا پیادەکرا، کە هەموو قۆناغەکانیش پلانی تەواوی بۆ دانرا بوو. هەر پەلامارێکیش کە بە ناوچەکە دەگەیشت زیانێکی زۆری لە سەر هەموو ئاستەکان بە دوای خۆیدا دەهێنا، لە نێو ئەو قۆناغانەشدا قۆناغی (سێ/ ئەنفالی گەرمیان) لە هەموو قۆناغەکانی تر زەرەرمەندتر بوو لە هەموو ڕوویەکەوە، وە زۆرترین ژمارەی مرۆڤی کوردی تێدا ئەنفال و بێسەرو شوێن کرا و کاریگەری تەواوی لە سەر گەرمیانییەکان دروستکرد کە تا ئێستایش بەهۆی ئەنفال کردنی ناوچەکانیانەوە بە دەست چەندین نەخوشی جەستەیی و دەروونییەوە دەناڵێنن.



ئەم توێژینەوەیەی ئێمەش لە (پێنج) بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراوە، لە بەشی یەکەمدا (چەمکی ئەنفال و جینۆساید)خراونەتە بەر باس، ئەمەش لە چوار چێوەی دوو باسدا خراوەتە ڕوو، لە باسی یەکەمدا (چەمك و زاراوەی ئەنفال پێناسە کراوە. باسی دووەمیش بۆ (چەمکی جینۆسایدو جۆرەکانی) تەرخان کراوە. ئەمیش بۆ زیاتر تێگەیشتنە لە چەمك و زاراوەی ئەنفال. هەروەها بۆ گەیشتنە بەو ڕاستییەی کە ئایا ئەنفال جینۆسایدە یان نا؟ .

لە بەشی دووەمیشدا باسمان لە قۆناغەکانی ئەنفال کردووە، کە ئەمەیش لە چوارچیوەی (پێنج) باسدا شیکردنەوەی بۆ کراوە لە هەر یەکێك لە باسەکانیشدا ئاماژەمان بەو (هەشت) قۆناغەی ئەنفال کردووە. هەر چی بەشی سێیەمە تایبەت کراوە بە ئەنفالی (قۆناغی سێ/ ئەنفالی گەرمیان) کە ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات، ئەنفالی گەرمیان کارەساتبارترین قۆناغەکانی ئەنفال بوو، ئەم بەشە بە شێوەیەکی فراوانتر باسم لێوە کردووە بە هۆی تایبەتمەندێتی قۆناغەکەوە، لە چوارچێوەی (شەش) باسدا خراوەتە ڕوو. ئەوانیش (قۆناغی سێیەمی شالاوەکەو ئەو قۆلانەی کە بەعس لێیانەوە هێرشی کردە سەر گەرمیانو پلانی پەلامارەکانی گەرمیانو سەنتەری کۆکردنەوەی گەرمیانیەکان و کامپە تایبەتیەکانو زەرەرو زیانەکان لە ناوچەکەدا) باسی لێوە کراوە. بەشی چوارەهەمیش باس لەو هۆکارانە دەکات کە وای کرد قۆناغی (سێ/ گەرمیان) کارەسات بارترین ئەنفال بێت.

بەشی پێنجەم تایبەت کراوە بە گێڕانەوەی کارەساتی ئەنفال لە زاری ڕزگاربووانی ئەنفالەوە، کە (پێنج کەس) باس لە قۆناغی (سێ)ی ئەنفال و ڕووداوەکانی دەکەن، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕژێمی بەعس لە هەر گوندێك پلانی تایبەتی هەبووە. هەروەها ئەو کارە نامرۆڤانەییەی بەعس ئەگێڕنەوە کە لەکاتی زیندانی کردنیان لەگەڵیاندا ئەنجامیان داوە، ئەمەش ڕاستی ڕژێمی بەعس دەردەخات کە بەهەموو شێوەیەك ئازاریانی داوە بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێت، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك نەخشەو بەڵگەنامەم بەکارهێناوە، ئەمەش لەگەڵ ژمارەی ئەنفال کراوەکانی ئەو گوندانەی کە چاوپێکەوتنم لەگەڵ ڕزگار بووەکانیاندا کردووە.

دیارە ئەو سەرچاوانەی کە بەکارم هێناون زۆربەیان بەزمانی کوردی نوسراون‌و زۆربەشیانم لە گۆڤارەکانەوە وەرگرتوە ، لەپاڵ چەند چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە سەر ئەنفال نووسینیان هەیە.

لە کۆتاییدا سەرباری ئەو کێشەو گرفتانەی لە نەبوونی کات و ڕۆچوون بەنێو قولایی شالاوەکەدا، توانیومە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەئەنجام بگەیەنم ، تا بتوانم ئەو ڕستەیە بسەلمێنم کە ئەنفال جینۆسایدە. هەروەها کەلێنێکیش لە کتێبخانەی زانستی کوردی پڕ بکەمەوە.





## بەشی یەکەم
## چەمکی ئەنفال و جینۆساید

### پێکهاتەکانی بەشی یەکەم

باسی یەکەم: چەمکی ئەنفال و پێناسەی ئەنفال.
باسی دووەم: چەمکی جینۆساید و جۆرەکانی.



## باسی یەکەم: چەمکی ئەنفال و پێناسەی ئەنفال
### چەمکی ئەنفال

ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە، بۆ ناسینی ئەم وشەیەش پێویستە بگەڕێینەوە بۆ نێو فەرهەنگی زمانەوانی عەرەب. ئەمەو نابێت ئەوەش لە یاد بکەین لەپێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و قورئان بوونی هەبووە، بۆ نموونە شاعیری سەردەمی جاهیلی (عەنتر کوڕی شەداد)[1] لە دێڕێکی هۆنراوەکەیدا باسی لە ئەنفال کردووەو وتویەتی: (إنا إذا حمس الوغى نرو القنا... ونحن عند تقاسم الانفال)[2] ، ئەنفال لە قورئانیشدا هاتووە کە کۆی (نفل)ە بە واتای دەستکەوت هاتووە[3] ، وشەی (نفل) لە نێو فەرهەنگی عەرەبیدا چەند مانایەکی جیاواز لە خۆ دەگرێت ، لەوانە (نفل)بە مانای دەستکەوت دێت. هەروەها (نفل)بە مانای زیادە دێت ، واتا ئەو کارانەی لە دوای ئەو ئەرکانەی ئەنجام دەدرێت بە ئارەزومەندانە، یان بە واتای (الفیيء) دێت کە بریتیە لە (ما افاء الله من اموال المشركين على

[1] ناوی ( عەنترە کوڕی شداد کوری عمرو کوری معاویە کوری قرادا لعبسی )ە سالی لە دایك بوونی نەزانراوە، خەڵکی ( نەجدە )، دایکیشی حەبەشیە ناوی ( زبیبە )یە، شاعیر و سوارچاکێکی بە ناوبانگ بووە لە پێش هاتنی ئیسلامدا واتا لە سەردەمی جاهیلیدا، شیعرەکانیشی بە ناسکی و شرینی ناسراون، ئەم شاعیرە تەمەنێکی درێژی کردووە لە سالی ( ٦٠١ز ) بە دەستی( جیار کوری عمرو التائی )کە بە ( الاسد الرهیص )ناسرابوو کوژرا ( بروانە دیوانی عەنتر کوڕی شداد، ب، س، چ، ب، ش، چ، لا- ١ ).

[2] ( ئێمە لەگەڵ ئەوەی شەڕ هەڵگیرسێ، گەرم ئەبێت ئێمە تیرەکانی خۆمان تێر خوێن ئەکەین، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی دابەش کردنی دەستکەوتی جەنگەکەدا ( ئەنفال ) دەست پاکین ).
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سالار محمود، کەلار، ڕۆژ ( ٢٠١١/١/١٤ ).

[3] محمد عمر عبدالعزیز: ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجی یەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٧

المسلمين بلا حرب ولا ايجاف علية مثل جزية الرؤس)، هەر بۆیە (احمد بەدەوی) شاعیریش لە دێڕە شیعرێکیدا کە بەسەر جەنگەکانی پێغەمبەری خوادا (د.خ) وتویەتی، ئەنفال بەم مانایە بەکار دەهێنێت و دەڵێت:

وفيئهم الفيى فى الانفال

مالم يكن اخذ عن القتال

اما الغنيمة ففي الزحافي

والقتل عنوة لدى زحاف[4]

هەروەها (ناصری سوبحانی) ڕاڤەکەری قورئان دەربارەی ئەنفال دەڵێت (ئەنفال بریتیە لەو شتە خۆڕسکانەی کە موڵکییەت هەڵناگرن، واتا مافی گشتیەو هەموو کەس مافی تێدا هەیە، وەك (کانەکان، ئاو، ئاگر، لەوەڕگاکان)، بە بەڵگەی ئەوەی خوای گەوەرە دەفەرموێت (قل الانفال للە والرسول)، نافەرموێت (وللرسول)، بەڵکو فەرمویەتی: (والرسول) واتە تەنها موڵکی خودایە، پێغەمبەریش وەك پێشەوای موسڵمانان سەرپەرشتیارە بە سەریانەوە[5]، کەواتە ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە لە کۆنەوە بوونی هەبووە لە نێو فەرهەنگ و کەلتووری عەرەب دا، دواتریش وەکو وەکو سورەتێك دابەزیوە بۆ پێغەمبەر (د.خ)، کە هەشتەمین سورەتی قورئانە، بەڵام بەکارهێنانی لە لایەن بەعسەوە بۆ کەلتوری عەرەب دەگەڕێتەوە نەك بۆ سورەتی قورئان. دواتریش بەعس بۆ شەرعییەت دان بەوکارە ناشرینەی باسی لەو سورەتەی قورئان دەکرد، چونکە قورئان لەو پەلامارەدا قێزەونەدا بە سورەتی ئەنفالیشەوە وەکو هەموو پیرۆزییەکانی کورد ئەنفال کرا.

4 هێمن باقر عبدول و بەرهەم عمر عەبدولا: ئەنفالی سێ کاریگەری لە سەر ژنی پاشماوەی ئەنفال، چاپی، یەکەم ٢٠٠٤، چاپخانەی تەوار.

5 هێمن باقرعەبدول، بەرهەم عمر عەبدوڵلا: س،پ، ل٢٠.



## پێناسەی ئەنفال

ئەنفال تەنها هەوڵدانی وێرانکردنی ڕووکارێك لە ڕووکارەکانی گروپێکی تایبەت نەبوو. ئەمە سزایەك نەبوو دوور لە ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی ژیان. هەروەها وشەیەك نەبوو بەتەنها لەژیانی ئابوری یاخود کۆمەڵایەتی و کەلتوری گروپێکی دیاری کراو، بەڵکو لەپاڵ ئەوانەدا ئەنفال هێرشێکی ڕاستەوخۆو ویستماتیزکراوی هەمەلایەنە بوو بۆسەر ژیانی کۆمەڵگەیەك وەك گشتیەکی دابەش نەکراو بۆ سەربوونی ماددی و مەعنەوی خەڵکانێك تا پلەی فتکردنی یەکجارەکیان.[1] ئەوەش بەتەنها مانای ئەوە ناگەیەنێت کە بریتی بێت لەکوشتنی بەکۆمەڵ، بەڵکو بەسوپای میللی و جاش ئەنجامدرا، ئەوانە بوونە هۆی لەناوچوونی دەیان هەزار کەس لەگەنج و پیرو ئافرەت و مناڵ، لاشەکانیان بوونە خۆراکی بیابانەکانی عێراق. کارەساتێك بوو، کە کوردەکان وەك چیا بێدەنگەکان خۆیان لەبەریا ڕاگرت و قورسایی ئەو قەسابخانەو بەکۆمەڵ کوشتنانە لە دڵی کورددا وەك بەردی چیاکانی کورد بوو.[2] بۆیە ئەنفال ئەو ناوەیە کە بەعسییەکان لە زنجیرەیەك کردەوەی سەربازییان ناوە کەلە (١٨)ی شوبات تا ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨(ز)ی خایاندووە، کە(٤٥٠٠) گوندو (١٠-١٢) شارۆچکەو قەزاو ناحیەی تێدا خاپووکران، نزیکەی

1 مەریوان وریا قانع: ئەنفال و مۆدێرنە ڕوداوێك لە دوامانەوە یان ئەگەرێك لە پێشمانەوە، گۆڤاری ڕەهەند، ژ،٧، ١٩٩٩، ل ٣٢.

2 ئەنفال... ڕەنگدانەوەیەکی کردەوەیی فیکری بەعسە: وەرگێڕان و کورت کردنەوەی: ع، خالد، گۆڤاری سەروەری، ژ- ١٧، سالی ٢٠٠٦- ل ٦٢.

(١٨٢هەزار) کەسیش بێ سەرو شوێن کراون و سەرجەم پەلامارەکانی ئەنفالیش هەشت پەلامار بوو ، یان بەواتایەکی تر پەلامارکە بەهەشت قۆناغ و لەشەش ناوچەی جوگرافیای جیاوازو گرنگی باشوری کوردستان جێبەجێکرا[3] ، کەواتە ئەنفال بریتی بوو لەو پەلامارە سەربازییەی کە رژێمی بەعس لە بەشێکی خاکی کوردەکاندا بەکاری هێنا. ئەوەش بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد بوو لە ولاتەکەیدا، سەرەڕای وێرانکردنی گوند و شارو شاروچکەکانی کوردستان و لە ناوبردنی پیروزییەکانی و زیندە چالکردنی دەیان هەزار مروڤی کوردی بێتاوانو بەبێ لە بەرچاوگرتنی تەمەن و ڕەگەز لەو پەلامارە قێزەونەدا.

[3] فرمان عبدالرحمن: پاکتاوی ڕەگەزی کورد لە کوردستانی عێراقدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلیمانی، ٢٠٠٦، ل١٣٧.



## باسی دووەم: چەمکی جینۆسایدو جۆرەکانی:

### چەمکی جینۆساید

جینۆساید (genocide) لە ڕووی زمانەوانییەوە لە دوو برگە پێکهاتووە یەکەم لە وشەیەکی گریکی (genos)بە واتای (ڕەگەز) یان(توخم) یان (گروپ) و دووەم وشەیەکی لاتینی (caeder ) بە واتای کوشتن و لە ناوبردن و سڕینەوەو پاکتاوکردن دێت، بە ڕێکخستنی هەردوو وشەکەش زاراوەی (genocide) پێکهات ، واتا لە ناوبردنی توخمی مرۆڤ[1] بۆ یەکەم جاریش یاساناسی پۆڵەندی (رافاییل لیمکین)[2] ( RAPHAEL LEMKIN ) لە ساڵی (١٩٤٤)لە کتێبێکدا بە ناوی ((یاسای میحوەری لە داگیرکردنی ئەوروپا)) ئەم وشەیەی بۆ یەکەم جار بە کارهێنا، بۆیە پێشتر لە هیچ فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیایەکدا نەبووە، هەر بۆیە خۆی داهێنەری ئەمە بوو،[3] لە دوایی دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە،

[1] باوکی عومەر:تاوانی ئەنفال لە ڕوانگەی یاسای گشتی نێودەوڵەتیەوە، وەرگێرانی، دلاوەر عوسمان، گوڤاری سەروەری، ژمارە ١٧ ساڵی ٢٠٠٦، ل٤٦.

[2] رافایل لێمکین، لە ساڵی(١٩٠٠ز) لە دایك بووە کە بە ڕەگەز ( پۆڵەندی ) یەو هاووڵاتیەکی ئەمریکی یە، لە ساڵی( ١٩٤١ )لە زانکوی ( دیوك ویك )ی ئەمەریکی وانەی یاسای وتۆتەوە، ڕۆڵێکی باڵای بینیوە لە سزا خستنە سەر تاوانکارانی جینۆساید، خۆیشی یەکێك بووە لە قوربانییە جولەکەکان کە لە سووتان بە دەستی نازییەکان ڕزگاری بوو، ( ٥٠ ) کەس لە خانەوادەکەیان بووە قوربانی ، دواتر توانی خۆی بگەیەنێتە ئەمەریکاو لەوێ پەنابەری سیاسی وەربگرێت ) بڕوانە١- یوسف دزەیی، ئەنفال.کارەسات ئە نجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٠، ل٣٩، -گۆران شێخ مستەفا، کاریگەری یە ئابووری یەکانی جینۆساید، گەرمیان، چاپ ٢٠١٠، ل٢٤.

[3] گۆران بابا عەلی: ئەنفال: جینۆسایدێك لە ئایندەدا بۆ ڕەوایەتی دەگەڕێت، گوڤاری ڕەهەند، ژمارە ٧، ساڵی ١٩٩٩ل١٤٨.

جینۆساید بە مانای چەند کردەوەیەکی تریش هات، کە بە نیەتی (inteth) لە ناوبردنی تەواو یان بەشێك لە گروپێکی نەتەوەیی ئیتینی (ethnie) ڕەگەزی یان ئاینی(as such)ئەنجام بدرێت، لە وانە:

١-کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.[4]

٢- دەست درێژی کردنە سەر ئەندامانی ئەو گروپە: لە ڕووی جەستەیی یان دەرونییەوە.

٣- پەلکێشکردنی گروپێك و ناچارکردنی ئەندامانی بەوەی لە بارودوخێکی ژیاری وادا ژیان بە سەر ببەن کە لەوانەیە ببێتە هۆی لە ناوچوونی بەشێك یان هەموویان.[5]

٤- سەپاندنی هەندێك ئیجرائات بە مەبەستی ڕێگە گرتن لە منداڵ بون لە ناو گروپەکەدا.

٥- بە زۆر ڕاگواستنی منداڵانی گروپەکە بۆ لای گروپێکی تر.[6]

[4] عەبدوللاّ کەریم محمود :رەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، سلیمانی، ٢٠٠٤، ل١١.

[5] گۆران شێخ مستەفا :کاریگەریە ئابورییەکانی جینۆساید لە گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێل، سلیمانی، ٢٠١٠، ل٢٦.

[6] حسێن سوران :ئەنفال لە مەنفاکانی ناسیونالیزمەوە بۆ کوشتنی زمان و جەستەیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلیمانی، ٢٠١٠، ل,٦٢



## جۆرەکانی جینۆساید

لە دوایی دەرکەوتنی زاراوەکەو بەکارهینانی لە لایەن توێژەرو یاساناسانو مێژوونوسانەوە چەند جۆرێکی بۆ دیاریکراوە، ئەوانیش:-

(١) جینۆسایدی فیزیکی(بەدەنی)جەستەیی بە هەر جۆرێك بیّ، لە سێدارەدان، گوللە باران کردن، هێرشی سەربازی و کوشتنی بە کومەڵ، بە کارهێنانی چەکی قڕکردن، وەکو چەکی کیمیاوی و فسفوری و.....هتد.[1]

(٢) جینۆسایدی بایۆلۆجی: بریتییە لە ڕێگەگرتن لە زۆر بوون یان پەرەسەندنی گروپێکی مرۆیی، وەکو قەدەغەکردنی لە دایك بوونی منداڵ یاخود جیاکردنەوەی پیاوان لە ژنەکانیان و دوور خستنەوەی تاکەکانی خێزان لە یەکتری بۆ ماوەیەکی زور.

(٣) جینۆسایدی کەلتوری: بریتییە لە قەدەغەکردنی زمان و کەلتورو شێواندنی مێژو و سڕینەوەی تایبەتمەندێتی نەتەوەیی و سڕینەوەی یەکگرتنی هاوبەشی نێوان خەڵك و وێرانکردنی ئاسەواری کۆن کە گوزارشت لە تایبەتمەندێتی نەتەوەیی دەکەن.[2]

(٤) جینۆسایدی ئابووری: واتە گەمارۆی ئابووری و وێرانکردنی سامان و سروشت و بەروبومی ناوچەکان، تالاّنکردنی ماڵ و سامانی خەڵکی، هەر لە شتومەکی ناو ماڵەوە تا دەگاتە مەڕومالاّت و کەرەستەکانی ژیان، گەمارۆی ئابووری مەبەستی برسی کردنی خەڵکی یە، کە دەبێتە هۆی فەوتاندنی لە سەرخۆی مروڤ، هەر چەندە لە پرۆتۆکۆلی دووەمی ساڵی (١٩٧٧)ی پاشبەندی ڕێکەوتنامەکانی( ژنێف)ی ساڵی(١٩٤٤) بەندی(١٤) برسی کردنی خەڵکی مەدەنی و وێرانکردنی سەرچاوەکانی ژیان بە گشتی قەدەغە دەکات.[3]

[1] حسێن سوران :س، پ،ل٦٦.

[2] باوکی عومەر: س، پ،ل٤٠,

[3] گوران شێخ مستەفا: س، پ،لل٣١- ٣٢,

## بەشی دووەم
## قۆناغەکانی ئەنفال

### پێکهاتەکانی بەشی دووەم

**باسی یەکەم: قۆناغی یەکەمی ئەنفال**
**باسی دووەم: قۆناغی دووەم وسێیەمی ئەنفال**
**باسی سێیەم: قۆناغی چوارەمی ئەنفال**
**باسی چوارەم: قۆناغی ( پێنجەم و شەشەم و حەوتەم )ی ئەنفال**
**باسی پێنجەم: قۆناغی هەشتەمی ئەنفال**



### قۆناغەکانی ئەنفال

ئەنفال بریتی بوو لەو پەلامارە سەربازییەیەی, کەحکومەتی عێراق گرتیە بەر بۆ لەناوبردنی کورد لەکوردستانی باشووردا ، و تێکدان و وێرانکردنی هەموو ناوچە کوردنشینەکان. ئەم پەلامارانەش لە(١٨-٢-١٩٨٨ز) دەستیپێکردو تا(٦-٩-١٩٨٨ز) خایاند,کەبەسەر (هەشت) قۆناغدا دابەش بوو. شالاوەکەش زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی باشووری گرتەوە ، وەك ناوچەکانی (دۆڵی جافایەتی, شارباژێڕ, شارەزوور, گەرمیان, قەرەداغ, مەرگە, پشدەر, دەشتی کۆیە, گۆپتەپەو عەسکەر, ئاغجەلەر, شوان و شێخ بزێنی, دەشتی هەولێر, دۆڵی بالیسان, وەرتێ و ئالانە و ناوچەی خۆشناوەتی, باڵەکایەتی, ئامێدی,ئاکرێ, شێخان و زاخۆی گرتەوە).

بەو هۆیەشەوە نزیکەی (سەد و هەشتا و دوو هەزار) مرۆڤی بێ تاوان بەبێ لە بەرچاوگرتنی ڕەگەز و تەمەن لەناو بران، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین شارو شارۆچکە وێران کران، بۆیە دەتوانین بڵێین یەکێکە لە سامناکترین جۆرەکانی جینۆساید ، بۆیە لێرەدا باس لەو قۆناغانە دەکەین کە بەپێی پلان وکات و شوێنی جیاواز بوون.

## باسی یەکەم:

## قۆناغی یەکەم (١٨-٢-١٩٨٨ز تا ١٩-٣-١٩٨٨ز)

## دۆڵی جافایەتی[1]

ئەم هێرشە بە یەکەم قۆناغی پەلامارەکانی ئەنفال دادەنرێت، لە(١٨-٢- ١٩٨٨ز) بۆ سەر ناوچەکانی (مەرگە و دۆڵی جافایەتی و بارەگاکانی یەکیتی نیشتیمانی کوردستان) دەستی پێکرد[2] واتە ناحیە و قەزاکانی (دوکان، بنگرد، قەڵاچۆلان، سەرچنار، سورداش)ی گرتەوە[3] ، ڕژێم لەم هێرشەیدا توانایەکی سەربازی و دارایی و ڕاگەیاندنی زۆر گەورەی بۆ تەرخان کردبوو، بۆ ئەوەی لەم هێرشەدا سەرکەوتوبێت و بتوانێت لە قۆناغ و ناوچەکانی تردا سەربکەوێت. سەرپەرشتیاری ئەم هێرشەی ئەنفال ( لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد ) بوو، هێزەکانی بەشداربوو لەم شاڵاوەدا بریتی بوون لە(٢٠) لیوا و (٦٠) فەوج و (١٠) فەوجی سوك و مەفرەزەی تایبەت جگە لە دەیان دەبابە و ئەمانە هەموویان پاڵپشتی هێزی ئاسمانی بوون. سەرەڕای ئەو هێزە زۆرە و چەکە قورسانەش ، چەکی کیمیاوی بە خەستی بەکارهێنرا.[4]

---

[1] بروانە نەخشەی قۆناغی یەکەم، لە پاشکوی بەڵگەنامەکان، ژمارە( ١ )،ل٥٩.

[2] هاوار عەباس (مەلا هاوار): بەشێك لە حیکایەتەکانی ئەنفالی سێ، چاپی یەکەم، چابخانەی ڕەهەند، سلیمانی، ٢٠٠٧ ل,١٧

[3] جاسم محمد محمد علی:ئەنفالی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل,١٣

[4] محمد ڕەئوف عبدالعزیز، س، پ، ل,٤٦



هەر لە چوار چێوەی ئەم ئەنفالەشدا (٦٠٠) پێشمەرگەی قارەمان لە سەنگەردا شەهیدو بریندار بوون، باقی هێزەکانی پێشمەرگەو جەماوەری ناوچەکەش لە (١٨-٣-١٩٨٨ز) بەپێی بەرنامەیەکی ئامادەکراو بەرەو سنورەکانی ئێران هەڵکشان. بەوەش لە(١٩-٣-١٩٨٨ز) بەلاغی کۆتایی ئەنفال ڕاگەیەنرا.[5] بەکارهێنانی ئەو هێزە زۆرەو چەکی کیمیاوی لە لایەن ڕژێمەوەو هێرش کردنە سەر بارەگاکانی (یەکیتی نیشتیمانی کوردستان) لە جێ بەجێ کردنی یەکەم پەلاماری قۆناغی ئەنفال دا، بۆ شپرزەکردن و لە ناوبردنی بەرنگاری بوو لە لایەن پێشمەرگەو خەڵکی کوردستانەوەو جێ بەجێ کردنی قۆناغەکانی تری ئەنفال بوو کە لە لایەن ڕژێمی دیکتاتوری عێراقەوە پلانیان بۆ دانابوو.

---

[5] مەلا هاوار : س،پ،ل,١٧

## باسی دووەم:

## قۆناغی دووەم (٢٢-٣-١٩٨٨ز تا ١-٤-١٩٨٨ز)

## قەرەداغ[1]

ناوچەکانی (بازیان، قەرەداغ، دەربەندیخان)ی گرتەوە لە (٢٢ی ئازار بۆ ١ی نیسانی ١٩٨٨ز) خایاندووە.[2] لە چوار چێوەی ئەم پەلامارەدا پلانێکی سەربازی توکمە ڕێکخرابوو. هەموو لایەنێکی پەلامارەکەش حیسابی بۆ کرا، وەکو دابین کردنی ئۆتۆمبیلی سەربازی بۆ گوستنەوەی دانیشتوانی ناوچەکەو تێکدان و خاپورکردنی گوندەکان لە ڕێگای شوفڵ و بلدوزەرەوەو شالاوی دووەمی ئەنفال لە (قەرەداغ) بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی (لیوا ڕوکن ئەیاد خلیل زەکی)، کە بە فەرماندەی فەیلەقی دوو ناسرابوو بە هێزی (یەرموك).[3] هەروەها چەکی کیمیاویش بە سەر گوندەکانی (جافەران و بەلەکجاڕ و سێوسێنان و مەسۆیی و سەکۆ و چیای قەرەداغ و زەردە)دا بەکارهێنرا. لە ڕۆژی (٢-٤-١٩٨٨ز)ش سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق بەیاننامەی ژمارە (٣١٠٩) لە بارەی داگیرکردنی ناوچەی (قەرەداغ)ەوە دەرکرد ناوی ئەنفالی دووی لێ نا.[4]

---

1 (بروانە نەخشەی قۆناغی دووەم، لە پاشکوی بەلگەنامەکان، ژمارە (١)، ل,٥٩

2 جاسم محمد محمد علی:س،پ،ل,١٤

3 زەمان عەبدە:مەرگەساتی ئەنفال،بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر، ٢٠١٠،ل,٥٣

4 مەلا هاوار:س،پ،ل,١٩



## باسی سێیەم:

## قۆناغی سێیەم: (١٩٨٨/٤/٧ز تا ١٩٨٨/٤/٢٠ز)

## ئەنفالی گەرمیان

ئەم قۆناغە بەشێوەیەکی فراوانتر ئەنجام درا، کە لەبەشی دواتردا باسی دەکەین چونکە ئەنفالی (سێ/گەرمیان) تایبەتمەندتر بوو لەقۆناغەکانی تری ئەنفال. هەروەها کارەساتبارترین قۆناغی پەلامارەکان بوو، کە ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆر بە شێوەیەکی دڕندانەو دوور لەگیانی مرۆڤایەتی ناوچەکانی گەرمیانی بەشێوەیەکی گشتی ئەنفال کردو هەموو جۆرەکانی جینۆسایدی تێدا پەیڕەو کرد. ئەمەش وای کرد کە زەرەرمەندترین قۆناغی قۆناغەکانی ئەنفال بێت.

## باسی چوارەم:

## قۆناغی چوارەم (٣-٥-١٩٨٨ز تا ٨-٥-١٩٨٨ز)

## ئەنفالی کۆیە و کەرکوك و قەڵا سیوەکە و شێخ بزێنی[1]

(ئـەنفالی چـوار) لـەڕۆژی (٣-٥-١٩٨٨ز) دەسـتیپێکردو ناوچـەیەکی جوگرافی زۆری لەدەوروبەری زێی بچوك لەناوچەکانی (شوان، شێخ بزێنی، قەڵاسیوەکە، تەق تەق، کۆیە، خەلەکان) گرتەوە.[2]

هێزی پیادەی ڕژێمیش لە هەموولایەکەوە دەستیپێکرد. ئەم هێرشـە بـە فەرماندەی (لیوا ڕوکن سـوڵتان هاشـم) بـوو.[3] لـەم قۆناغەشـدا ڕژێمـی بـەعس (گونـدی گۆپتەپەوعەسـکەر)ی هەڵبـژارد بەچـەکی کیمیـاوی بۆردمـانی کـردن.[4] بـەڵام لـەم پەلامارەشـدا هێزەکـانی ڕژێـم ڕوبـەڕووی هێزەکانی پێشمەرگەو جەماوەری ناوجەکە بوونەوە. دوژمن زیـانێکی زۆری لێکەوت دەیان پێشـمەرگەش شـەهید بـوون لـەڕۆژی (٧-٥-١٩٨٨ز)دا هێزەکانی ڕژێم توانیان بەتەواوی سەرجەم دێهاتـەکانی ناوچـەکە کـۆنترۆڵ بکـەن و دەسـتی ڕەشـیان بەسـەرا بگـرن. لـەم پەلامارەشـدا نزیکـەی (١٠هـەزار) مرۆڤـی بێتـاوان بـەر شـاڵاوی ئـەنفال کـەوتن و نزیکـەی (٧هەزار) کەسیان لەبیابانـەکانی (خـوارو ناوەراسـتی عێـراق)دا زینـدە بەچاڵکردن و لە(٨-٥-١٩٨٨ز) کۆتایی بەقۆناغی چوارەم هێنرا.[5]

---

[1] بڕوانە نەخشەی قۆناغی دووەم، لە پاشکوی بەڵگەنامەکان، ژمارە(٢)، ل٦٠.

[2] زەمان عەبدە:س،پ،ل ٦٤.

3- ڕەئوف عبدالعزیز:س،پ،ل,٥١

[4] ملاشاخی:ئەنفالی چوار لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی نەوروز، ل,١٦

[5] مەلا هاوار:س،پ،ل,٣٠



## باسی پێنجەم:

## قۆناغەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم (٢٤-٥-١٩٨٨ز تا ٣١-٨-١٩٨٨ز)

## ئەنفالی ناوچەکانی پارێزگای هەولێر[1]

شـاڵاوەکانی ئـەنفالی (پێنجـەم و شەشـەم و حەوتـەم) لـە (٢٤-٥-١٩٨٨ز) دەستیپێکردو ناوچەیەکی فروانی گرتەوە،کە زۆربەی ناوچـەکانی شاخاوی بوون. سـوپای بەعسـیش کـەمتر پێگـەی سـەربازی هـەبوو لـەو شوێنانە. لە گەڵ ئەوەشدا پانتایی جوگرافیای ئەم (سێ) شـاڵاوە نزیکـەی نیوەی پانتایی باشووری کوردستان بوو، کە بەگشتی لە گونـدەکانی سـەر بە ناحیەو قەزاکانی(کۆیەو ناحیەی دێگەڵە)لەگەڵ هەندێ لە گوندەکانی دەوروبەری (هەولێر، شەقلاوە، ڕەواندوز، چۆمان، چـیای قەنـدیل، ڕانیـە، چوار قورنە، هیزوب، زنجیرە چیای باواجی) چەندین شوێنی تـری گرتـەوە.[2] دوای (سێ هەفتە)ش لە بەردەوام بوونی هێرش و پەلامار بۆ سـەر(دوڵـی سماقۆلی و نازەنین)و سوتاندن و خاپورکردنی ناوچەکان ، هێزەکانی ڕژێمـی بەعس تەواوبوونی قۆنـاغی ئـەنفالی(پێنجـەمیان) ڕاگەیانـد.[3] هەرچـی شاڵاوی ئەنفالی (شەشەم و حەوتەم) بوو لە نێوان هەردوو مانگی (تـەموز و ئاب) بەرەو تەوەرگـەی (شـەقلاوە، خۆشـناو، ڕوانـدز) درێـژ بوونـەوەو

---

[1] (بڕوانە نەخشەی قوناغەکانی( پێنجەم و شەشەمو حەوتەم )لە پاشکوی بەلگەنامەکان، ژمارە ( ٣ )، ل٦١.

[2] زەمان عەبدە:س،پ،ل ,٧١

[3] مەلا هاوار:س، پ،ل,٣٢

ناوچەکانی (سماقوڵی و دۆڵی ئالانە و بالیسان)یش تووشی شاڵاوەکانی ئەم قۆناغەی ئەنفال هاتنو پاکتاوکران.[4] زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچانەش بە گازی کیمیاوی مردن، لە ئەنجامیشدا ژمارەیەك ئاژەڵیش مردار بوونەوە.[5]

ئەم زنجیرە تاوانە، کە بەسەر یەکەوە ئەنجامدرا بەفەرمانی (عەقید یونس موحەممەد ئەلزەرب) فەرماندەی فەیلەقی پێنج ئەنجامدرا[6] ، ژمارەی ئەو گوندانەی لەم شاڵاوە تێکدران نزیکەی (٤٠٣) گوندبوون.[7] ئەمەش وای کرد سنوری جوگرافی گوندەکان بە تەواوی تێك بچێ. سەرەڕای شەهیدکردنی سەدان مرۆڤی بێتاوانی کوردو ڕاگواستن و گرتنیان لەو پەلامارە نامرۆڤانەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس لەناوچەکان ئەم تاوانەی ئەنجامدا. ئەم قۆناغەیش لە (٣١-٨-١٩٨٨ز) کۆتای پێهات.

[4] هێمن کامیل رەشید :ئەنفالی چوار و کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکان لە سەرگە نجی کەسووکاری ئەنفال،گۆڤاری هەشتاوهەشت،ژمارە، پانزە، ساڵی سێیەم بەهاری ٢٠٠٩،ل,٦٢

[5] زوهێر کازم عەببود، دادگای ئەنفال،وەرگێرانی محمد گومەیی، چاپی یەکەم، سلیمانی ٢٠١٠،ل١٤٦.

[6] زەمان عەبدە :س، پ، ل,١٧

[7] هێمن کامیل رەشید :س، پ، ل,٦٣



## باسی شەشەم:

## قۆناغی هەشتەم (٢٥-٨-١٩٨٨ز تا ٦-٩-١٩٧٧ز)

## ئەنفالی ناوچەکانی بادینان[1]

پاش تەواوبوونی ئەنفالی حەوت و ڕووخاندنی سەرجەم دێهاتەکانی ناوچەی(سۆران)، ڕژێمی بەعس بە هێزە زەبەلاحەکەیەوە لە (٢٥-٨-١٩٨٨ز) هێرشی هێنایە سەر ناوچەکانی بادینان. ڕژێم هەر لە یەکەم ڕۆژی ئەم هێرشەوە دەستی کرد بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویو چەندین گوند ئەو ناوچەیەی بەرکەوت[2] ، کە واتا بە هۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوییەوە هەر لە سەرەتاوە بووە هۆی شەهید بوونی دانیشتوانی ناوچەکەو شپرزەبوون و تۆقاندنیان. ژمارەی ئەو هێزەی لە ئەنفالی کۆتایدا بەشداربوون بە(دووسەد هەزار) سەرباز خەمڵێنراوە،(١٤ تا ١٦) فیرقەی سوپای نیزامی، کە هەر یەکەیان (دوانزە هەزار کەس)بوون. کە لە پەلاماری ئەنفالی کۆتاییدا بەشداربوون.[3] ئەم هێزانەش لەلایەن عەقید رۆکن (یونس ئەلزەرب) سەرۆکایەتی دەکراو چەندین فیرقەی پیادە لەو هێرشەدا بەشداربوون.[4] هۆکاری بەکارهێنانی ئەم هێزە زۆرەش لەلایەن ڕژێمەوە لە چاو هێرشەکانی تری قۆناغی ئەنفال دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هاتنی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان (عێراق و ئێران). هەروەها مەبەستی

[1] (بروانە نەخشەی قۆناغی هەشت، لە پاشکوی بەلگەنامەکان، ژمارە( ٤ )، ل,٦٢

[2] مەلا هاوار:س، پ، ل,٣٤

[3] عارف قوربانی :شایە تحاڵەکانی ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاسا، سلیمانی، ٢٠٠٢،ل,١٧٦

[4] زەمان عەبدە :س، پ، لل ,٨١،٨٢

**لێدانی زەبری کوشندەبوو لەلایەن ڕژێمەوە بۆ گەلی کورد. ئەوەش بە هۆی گرنگی شوێنی ستراتیژی ناوچەکانی بادینانەوە بووە، کە ناوچەیەکی سنوری بوو. ئەو مرۆڤانەش لەم قۆناغدا گیران لە کەمپەکانی بەندینخانەی (سەلامیە)ی نزیك (موسڵ)بەند کران.[5]**

**ئەم هێرشەش لە ناوچە جیاجیاکانی بادینان بەردەوام بوو لە (٦-٩-١٩٨٨ز)کۆتایی پێهات.[6] لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت،کە تەواوی قۆناغەکانی ئەنفال بە مەبەستی پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد بووە. هەروەها بۆ لە ناوبردن و سەرکوت کردنیان بووە، سەرەڕای تێکدانی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و سنوری جوگرافیای کوردەکان، کە بە تەواوی سنوری کوردستانی باشووری گرتەوە بە بێ جیاوازی ناوچەکان.**

---

[5] **یوست هێڵتەرمان :کارێکی ژهراوی،و، محمد حمه ساڵح توفیق، چاپ ٢٠٠٨، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨، ل١٧٦.**

[6] **عەلی کەندی: مێژوونامە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، ٢٠٠٧، ل٦٨٦.**

## بەشی سێیەم

## ئەنفالی ( گەرمیان )

### پێکهاتەکانی بەشی سێیەم

**باسی یەکەم: قۆناغی ( سێ )ی ئەنفال.**

**باسی دووەم: قۆڵەکانی هێرشی سوپای بەعس بۆ سەر ( گەرمیان ).**

**باسی سێیەم: پلانی پەلاماردانی( گەرمیان ).**

**یەکەم: پلانی ( خورماتوو ).**

**دووەم: پلانی ( قادر کەرەم و باکوری گەرمیان ).**

**سێیەم: پلانی ( سەنگاو و باشووری گەرمیان ).**

**باسی چوارەم: سەنتەری کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکان.**

**باسی پێنجەم: کامپە تایبەتییەکان.**

**باسی شەشەم: هۆیەکانی قوڵبوونەوەی پەلاماری ئەنفال لە گەرمیان.**

**باسی حەوتەم: زەرەرو زیانەکانی ( گەرمیان ).**



## باسی یەکەم:

## قۆناغی سێ ( ٧-٤-١٩٨٨ز تا ٢٠-٤-١٩٨٨ز )

## ئەنفالی گەرمیان[1]

ئەم قۆناغە لە (٧/٤/١٩٨٨ز) دەستی پێکرد، کە هاوکات بوو لە گەڵ( ٤١ )ساڵەی یادی دامەزراندنی(حزبی بەعس)[2] ، ئەم قۆناغەش هەموو ناوچەکانی پێدەشتی گەرمیانی گرتەوە، کە بریتی بوو لە((سنوری قەزای کەلار، ناحیەکانی(تیلەکۆ و پێباز)و سەرجەم گوندەکانیان و پاشان قەزای (کفری)، ناحیەی (سەرقەلاً) و قەزای(چەمچەماڵ) بە ناحیەی(سەنگاو)و قەزای (خورماتوو) بە ناحیەکانی (قادرکەرەم و ناحیەی نەوجول)ەوە[3] ، ئەم قۆناغە لە ناوەڕۆکدا خۆی لە (سێ) پەلاماری جیاجیا بۆ ناوچەکانی ئەم دەڤەرە بینیەوە ، ئەوانیش" پەلاماری یەکەم: بۆ قەزای (خورماتوو)، پەلاماری دووەم: بۆ (قادرکەرەم و باکوری گەرمیان) ، پەلاماری سێهەم : بۆ (سەنگاو و باشووری گەرمیان)، هێزەکانی ڕژێم هەموو پێکهاتەکانی سوپاو یەکەکانی لەم قۆناغەدا بە کارهێنا[4]، وەك هێزی کۆپتەرو هێزی فەوجەکانو جاشەکان. ئەم هێزانەش لە لایەن

---

[1] (بروانە نەخشەی قۆناغی سێیەم،لە پاشکۆی بەڵگەنامەکان، ژمارەکانی (٥،٦،٧ )،ل٦٣_٦٤_,٦٥

[2] جەبار قادر (د) : ئەنفال بەرجەستە بونێکە لە سەروەری هزری گشتگیری وتوندوتیژی و زەبروزەنگ،و،م.شێرکۆ،گۆڤاری ئەنفال،ژمارە (٣) ساڵی سێهەم،٢٠٠٢،ل,٥٣

[3] محمد نوری زۆراب:سێ دیێ ئەنفالکراوی داودە لە کردەی ئەنفالدا،چاپی یەکەم،ساڵی ٢٠٠٨،ل,٢٨

[4] عەدالەت عومەر صالح :ئەنفالو ئافرەتی کورد،چاپی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٧ ، ل٦٢-٦٤- ٦٦- ,٦٨

(عمید روکن بارق عبدللە حاجی حنتە)[5] سەرپەرشتی کرا[6] ، بۆ ئەم قۆناغەش هێزەکان لەسوپای عێراقی بەرگری نیشتمانی ناسرابوون وەك(جاش) بەکارهێنران. ئەوەش بە مەبەستی دەست بە سەراگرتنی خێرای هەموو ناوچەکانی گەرمیان بوو، چونکە بە یادکردنەوەی یادی دامەزراندنی(حیزبی بەعس) ئەم هێرشانە دەستی پێکرد، دەبوایە سەرکەوتنیان بە دەست بهێنایە. هەروەها لە ناوبردن و ئەنفال کردنی دانیشتوانی ئەو کاتەی گەرمیان و دەست بە سەراگرتنی ناوچەکان و بردنی هەموو سەروت و سامانی خەڵکەکە و ملکەچ کردنیان بۆ دەسەلاتی تۆتالیتاری بەعس گەورەترین ئامانجی ئەم هێرشە بوو، لە ڕۆژی (٢٠/٤/١٩٨٨) هێزەکانی حکومەتی عێراق توانیان دوا سەنگەری بەرگری لەناوچەکەشدا بگرن و تێکڕای دێهاتەکانی گەرمیانیان تێکداو سوتاندیان، بەلاغێکی عەسکەرییان دەرکرد و کۆتایی قۆناغی سێیەمی ئەنفالیان ڕاگەیاند.[7]

[5] بارق: فەرماندەیەکی سەربازی دڕندە بوو پلەی جەنەڕاڵی لە سوپای بەعسدا هەبوو، لە ساڵی (١٩٨٨ز)فەرماندەی ئەو هێزانە بوو کە پاراستنی بیرە نەوتەکانی کەرکوکی پێ سپێردرابوو . لە ئەنفالی دوویشدا بەشداری کردووە، لە ناوەڕاستی هەشتاکانیشدا کاتێ شیعەکان لە باشوور هەڵسان بە ڕاپەڕین ئەو پەلاماری دان و سەرکوتی کردن، لە ساڵی (١٩٩١)دا گوایە بارق دەستی هەبووە لە ئە نجامدانی کودەتایەك دژی (صدام حسێن)لە سێدارە درا.(بروانە، عەدالەت عمر صالح :ئەنفال و ئافرەتی کورد :چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٢، ل٦٢).

[6] عبدولاّ کەریم محمود: بێسەرو شوێنەکان و پانورامای جینۆسایدەکان، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە(٥) ساڵی ٢٠٠٤ ل ,٣٠٧

[7] شۆڕش حاجی رەسول : ئەنفال _ کوردو دەوڵەتی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان ٢٠٠٣، ل.١٠١



**باسی دووەم: قۆڵەکانی هێرشی سوپای بەعس بۆ سەر (گەرمیان)**

مەبەست لەو قۆلاّنەیە کە سوپای بەعس لێیانەوە هێرشی کردە سەر ناوچەی گەرمیان بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنیان و وێران کردنی تەواوی ناوچەکان.

١- لە (خورماتوو)ەوە بەرەو (بناری گل) و ناوچەکانی(داودە) و(باش تەپە)و (ئاوە سپی).
٢- لە (کەلار)ەوە بەرەو (تیلەکۆ) و (کولەجۆ).
٣- لە(کفری)یەوە بەرەو(ئۆمەربل) و(عەزیز قادر).
٤- لە(کفری)یەوە بەرەو (دوراجی).[1]
٥- لە (پێباز)ەوە بەرەو (شێخ تەویل) و (بۆسانە) و (بەکربایەف) و ناوچەی (شاتری).
٦- لە (پونگە)وە بەرەو (بەکر بایەف).
٧- لە (دەربەندیخان)ەوە بەرەو (درۆزنە).
٨- لە چیای(قەرەداغ)ەوە بەرەو (درۆزنە) و (تەپە گەڕوس).
٩- لە (قادرکەرەم)ەوە بەرەو (ئیبراهیم غولام) و (قەیتول) و ناوچەی (زەنگنە).[2]
١٠- لە (قەرە حەسەن)ەوە بەرەو ناوچەکانی (هەنارە)و(محمود)و(پەریزاد).
١١- لە (لەیلان)ەوە بەرەو (تازە شار).
١٢- لە (سەنگاو)ەو بەرەو ناوچەکانی(سەرقەلاّ).[3]

هەر بۆیە هێرش کردن لەم قۆلاّنەوە بە پێی بەرنامەیەکی دیاریکراو بوو، بۆ کێومالّکردنی ناوچەکانی گەرمیان بە کاتێکی کەم و دەست پێ کردنی قۆناغەکانی تر.

[1] زەمان عبدە: س،پ،ل,٥٠
[2] عومەر محمد: س،پ،ل١١٣.
[3] مەلا هاوار: س،پ،لل٢٦، ,٢٧

## باسی سێیەم: پلانی پەلاماردانی (گەرمیان)

## یەکەم- پلانەکانی پەلاماری (خورماتوو)

بەرەبەیانی ڕۆژی (٧-٤-١٩٨٨ز) پێشەنگی هێزەکانی سوپاو فەوجەکانی جاش کەوتنە جموجوڵ لە بنکەکانیان و بەرەو (خورماتوو)ی باشووری خۆرئاوای گەرمیان دەرچوون. لە دوو ڕۆژی دواتریشدا هێزەکانی تر لە (کەرکوك)و(لەیلان) و (چەمچەماڵ) و (سەنگاوە)ەوە کە ئەکاتە(٩-٤-١٩٨٨ز) دەرچوون لە هەموو لایەکەوە بەرەو شارۆچکەی (قادرکەرەم) پێشڕەوییان کرد. ڕەتڵی(خورماتوو)خێرا بوو بە (سێ) بەشەوە.[1] ئەمەش زیاتر بۆ کونترۆڵکردنی خێرای ناوچەکە بوو. هەروەها بۆ دەست بە سەراگرتنو وێرانکردنی گوندەکان بوو، هێزەکانیش بەم شێوەیە دابەش بوون:ـ

١- هێرشی یەکەم: لە ناحیەی (نەوجول)ەوە بە ئاراستەی (چەمی ئاوەسپی)دەستی پێ کردو پاش ئەوەی ناوچەکە داگیرکرا، سەرجەم گوندەکانیان ڕووخاندو خەڵکەکە ڕاپێچی کامپەکان کران،[2] واتا بەهۆی دانانی پلانی پێشوەختەوە ڕژێم توانی بە شێوەیەکی خێرا دەست بە سەر ناوچەکەدا بگرێت، سەرەڕای بێ ئاگایی دانیشتوانی گوندەکان لە ئەنفالکردنیان

٢- هێرشی دووەم: هێزێکی گەورەتربوو لەوەی یەکەم، ئەم هێزەش پێکهاتبوو لە لیوای(٦٥)ی تایبەت و (دوو فەوجی) بەرگری نیشتیمانی (جاش)، کە هێرشیان کردە سەر ئەو گوندانەی کەوتبوونە ئەمبەرو ئەوبەری چەمی ئاوەسپی.[3]

---

[1] مێدڵ ئیست ووچ: جینۆساید لە عێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد،و، محمد حمە صالح توفیق، چاپخانەی تیشك، سلێمانی ٢٠٠٤،ل,١٩٣

[2] جاسم محمد محمد علی: س.پ.ل,٢٤

[3] ناهیدە تاڵەبانی و جاسم محمد محمد علی:ئەنفالی گەرمیان و ڕەهەند دیموکراسی و ئابوری و کۆمەلایەتییەکان. چاپی یەکەم، چاپخانەی وشە، سلێمانی ٢٠٠٢،ل,٣١





ئەوەبوو پاش شەڕێکی توند(١٧) گوندیان وێران کردو خەڵکە شپرزە بێ دیفاعەکەیان بە ئیڤای عەسکەری و تراکتۆری خۆیان ڕەوانەی (خورماتوو)کرد، کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون و تا ئێستاش چارەنووسیان نادیارە،[4] کەواتا مەبەستی ڕاستەوخۆی بە کارهێنانی ئەم هێزە زۆرانە لە سوپاو جاشە خۆفرۆشەکان بۆ لە ناوبردنی یەکجارەکیان بوو.

٣- هێرشی سێیەم: هێزێکی هاوبەش بوو، پەلاماری گوندی (تازە شار)ی (٢٠)ماڵی دا، بەلاّم جێگای باسە, وەك ئەوەی کە پێشمەرگەیەك دەگێڕێتەوە، پێشتر خەڵکی گوندەکە چۆڵیان کردبوو، بەلاّم (٢٤) پێشمەرگە کە (٧)یان سەر بە حزبی(شیوعی)بوونو (١٧)یان سەر بە حزبی(یەکیتی نیشتیمانی کوردستان)بوون لەو گوندە سەنگەریان گرتبوو،[5] وە چەند شایەتێکی خەڵکی ئەو گوندانەی دەوروبەری وا دەگێڕنەوە سوپاکە لە(تازە شار)پەنای بردبووە بەر چەکی کیمیاوی.[6] ئەمەش لە بەر بەرگری پێشمەرگەکانی کوردستان بوو. هەروەها بە هۆی ئەو شەڕە توندەی کە لەنێوان سوپای عێراق بە هاوکاری جاشەکان لەگەڵ پێشمەرگەکاندا ڕوویدا. لە ئەنجامدا (٢٤) پێشمەرگەکە شەهید بوون،[7] ڕژێم دواتر تەرمی ئەو پۆلە پێشمەرگەی گواستەوە بۆ ناوچەیەکی سەربازیی لە باشووری شاری(خورماتوو)لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا خرانە ژێر گڵەوە.[8]

---

[4] جاسم محمد محمد علی: س.پ.ل,٢٤

[5] تاڵەبانی،ناهیدە و جاسم محمد محمد علی:س.پ.ل٣٦.

[6] ڕێکخراوی مافی مروڤ- خۆرهەلاتی ناوەڕاست: عێراق و تاوانی جینۆساید،شالاّوی ئەنفال دژی کورد، و-جەمال میرزا عەزیز،بەرلین ٢٠٠٢،ل,١١١

[7] جاسم محمد محمد علی:س.پ.ل,٢٤

[8] حسن بارام: بەشێك لە ئەنفالی گەرمیان.چاپی یەکەم ٢٠٠٧،چاپخانەی نەوروز،کەرکوك،ل,١١٣





## دووەم- پلانی پەلامارداني (قادر کەرەم و باکوری گەرمیان)

شالاو و پەلامارەکانی ئەنفال لەم پلانەدا ناوچەکانی هەردوو هۆزی (جەباری و زەنگەنە)ی گرتەوەو بەر گوشندەترین زەبری شالاوەکانی ئەنفال کەوتن، کە بەم شیوەیە بوو :ـ

١- هێرشی یەکەم: لە (١٠-٤-١٩٨٨ز) هێزێکی تایبەت بە سەرپەرشتی (بارق عبدالله حاجی حنته) فەرماندەی گشتی شالاوەکانی ئەنفالی (گەرمیان)، هێزێکی سەربازییان لە ناوچەکانی نێوان ڕێگای سەرەکی (چەمچەمال-کەرکووك)دا بە ئاراستەی باشووردا بلاوکردەوە، هەر چەندە زۆربەی گوندەکانی ئەم ناوچەیە لە بەهاری (١٩٨٧ز) ڕوخێنرابوون[1]، بلاوکردنەوەی ئەو هێزە لە ناوچەکەدا بۆ وێرانکردنی باقی گوندەکانی ترو ئەنفال کردنی دانیشتوانەکەی بوو. هەروەها بە هۆی گرنگی ستراتیژی ئەو ڕێگایەوە بوو،کە ناوچەکانی تری گەرمیانی لە سەربوو، بۆیە بە گرتنی ئەو ڕێگایە هێرشەکانی تری ئاسان کرد بۆیان کە پلانیان بۆ دانابوو.

٢-هێرشی دووەم: لە (١١-٤-١٩٨٨ز)هێزێکی جاش لە (قادر کەرەم)ەوە دەرچوو بۆ تێکدانی گوندی (برایم غولامی) هۆزی (زەنگنە)هەر چەندە خەڵکەکەی پێش هێرشەکە بە ئاگابوون لە ئەنفالکردنیان ، بەلام سەرباری ئەوەش ناوچەکەیان چۆڵکردبوو، کەچی لە ئەنجامدا خۆیان بە

[1] جاسم محمد محمد علی: س.پ.ل,٢٦



دەستەوە دا.[2] ئەمەش بە هۆی ئەوەوە بوو کە هەموو ناوچەکانی تر وێران ببوون‌و شوێنێك نەبوو تا ببێتە پەناگەیان.

٣- هێرشی سێیەم: لە درێژەی پەلامارەکانی سوپای بەعس بۆ کێومالکردنی (گەرمیان)، هێزێکی هاوبەش لە سوپاو جاش لەقۆڵی (سەنگاو)ەوە پەلاماری گوندەکانی (زەنگنە)یان دا[3] ، لەگەڵ ئەمەشدا هێزێکی گەورەتری سوپا بە دەیان تانکەوە لە ناحیەی (سەنگاو)ەوە دەرچوون ڕووەو ڕۆژئاوا بە مەبەستی گرتنی بنکەیەکی گرنگی(ی.ن.ك) لە دۆڵی(گوڵباخ). هەر بۆیە شەڕێکی قورس لە نێوان پێشمەرگەو سوپای بەعسدا ڕوویدا، (سێ) پێشمەرگە لە(قەیتول) شەهیدبوون، (حەوتی)تریش لە (گەڕاو) شەهید بوون،[4] ئەمەش بە هۆی ناهاوسەنگی ژمارەی پێشمەرگەو سوپای بەعسەوە بوو. هەروەها کەمی چەك و کەرەستەی شەڕ لای پێشمەرگە، وای کرد لەو شەڕەدا بشکێن، سەرەڕای بێ هیوا بوونی پێشمەرگەکان بە هۆی لە دەست دانی چەندین ناوچە لە قوناغەکانی (یەکەم)و(دووەم)ی ئەنفالدا.

[2] تالەبانی،ناهیدە و جاسم محمد محمد علی: س.پ.ل٣٢.

[3] حسن بارام: س.پ.ل,١٤١

[4] ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی/ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست: س.پ.ل,١١٥

## سێیەم- پلانی پەلاماردانی (سەنگاو و باشووری گەرمیان)[1]

سەختترین و پڕ تراژیدیاترین وێنەکانی (ئەنفال) لە باشوری کوردستاندا، لەم ناوچەیەدا ڕوویداوە، بە ڕادەیەك کە چەندین خێزان و بنەماڵە بە جۆرێك ڕیشەکێش کران کە هیچ وەچەیەکیان نەما[2] ، لەم ناوچەیەدا گوندەکانی(دەرەوار، بانەمورد، پێنج ئەنگوستی حاجی محمد ئاغا، پێنج ئەنگوستی شێخ مستەفا، هەنجیرە، سێگومەتان، کێلەبەرزە، دەرزیلە، قەلاگە، داربەڕوو) بەسەختی بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتنو زۆربەی دانیشتوانەکەی شوێن بزرکران.[3] ئەمەش بەهۆی دڕندەیی سوپای بەعسەوە بوو کەوای کرد گوندەکان بەتەواوی وێران بکرێن و دانیشتوانەکانیشیان بەبێ گوێدانە تەمەن و ڕەگەز ڕاپێچی مەرگ کران و لەناو بران. پلانی ئەم پەلامارەش بەم شێوەیە بوو:-

١- هێرشی یەکەم: لە(سەنگاو)ەوە دەستی پێکرد بەئاراستەی باشووری خۆرئاوا بەرەو شارۆچکەی دەربەندیخان، کە لە ماوەیەکی کورتدا نزیکەی (بیست)گوندی ناوچەکە وێران بوون[4] ، بەمەش سەروەتێکی زۆر دەستی بەسەرا گیرا، کە وای کرد هیچ شوێنەوارێکی ژیان لە دوای ئەو وێرانکردنە نەمێنێت.

٢- هێرشی دووەم: ئەم هێرشە لەشارۆچکەی کفرییەوە لە (٩-٤-١٩٨٨ز) بەسەرکردایەتی (لیوا سامی)سەر بە فەیلەقی یەك کەوتەڕێ،

[1] (بروانە نەخشەی(سەنگاو)، لە پاشکوی بەلگەنامەکان، ژمارە (١٠)، ل,٦٨

[2] تاڵەبابی،ناهیدە و جاسم محمد محمد علی : س.پ.لل ٣٢_٣٣,

[3] دزەیی : س.پ، ل، ١٠٨,

[4] جاسم محمد محمد علی : س.پ،ل ٤٨,



سەرجەم گوندەکانی ئەو ناوچەیەیان ڕووخاندو خەڵکەکەشیان دەستگیر کرد.[5]

٣- هێرشی سێیەم:[6] ئەم هێرشە سەر لە بەیانی (٩-٤-١٩٨٨ز) بە فەرماندەیی (رائید منزر ئیبراهیم یاسین) لە (کەلار)ەوە دەرچوون ، چوونە ئاواییەکانی (تیلەکۆی ژوورنگ، خوارنگ)کە ناوچەی چالاکی مەڵبەندی یەکی (ی. ن. ك)بوو، لەپاش تێکشکانەکەی (قەرەداغ) لێرە خۆیان گرتبووەوە. لە بەیانی زووی (١١-٤-١٩٨٨ز) هەر دوو (تیلەکۆ) ڕووخێنرا.[7]

خێرا ڕووخاندن و گرتن و وێرانکردنی گوندەکانی سەر بە ناحیەی (تیلەکۆ) بۆ کەمی بەرگری لە لایەن پێشمەرگە گەرایەوە، ئەمەش بە هۆی ماندووبوونیان بوو لە قۆناغی دووەمی ئەنفالدا، بۆیە لەم پەلامارەدا زیاتر لە (سەد) گوند خاپور کرانو دانیشتونەکانیشیان بە زۆری ڕوویان کردە گوندەکانی (کوڵەجۆی حاجی حمە جان و ملەسورە).[8]

ئەمەو پۆپەی هێرشی ئەنفال لە ڕۆژی(١٤-٤-١٩٨٨ز)دابوو، کە تەنها لەو ڕۆژەدا پتر لە (بیست هەزار) ژن و پیاو و منداڵ لە هەر دوو گوندی (کوڵەجۆی حاجی حمە جان و ملەسورە)کۆکرانەوە، بە ئیڤیای سەربازیو

[5] فەرهاد عبدالرحمن و کرمانج شێرزاد :کاریگەری شاڵاوەکانی ئەنفال لەسەر چۆڵبوونی لادێکانی سەنگاو، گۆڤاری عەرعەر، ژمارە،٤، ساڵی چوارەم ٢٠٠٩ ل ١٤٣.

[6] (بروانە نەخشەی (تیلەکۆو کەلار)، لە پاشکۆی بەڵگەنامەکان، ژمارە( ٨ )، ل,٦٦

[7] عومەر محمد : ئەنفالی گەرمیان، سیاسەتێك دووئامانج، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڵ، سلێمانی، ٢٠١٠، ل,١٥٥

[8] تاڵەبانی،ناهیدە و جاسم محمد محمد علی: س،پ،ل,٣٥

تراكتۆری گوندنشینەكان خۆیان ڕەوانەی قەلاَ سەربازییەكەی (قۆرەتوو) كران، كە كەوتۆتە ئەو بەری ڕووباری سیروان، سەر بە قەزای(خانەقین).[9]

هەر بە هۆی ئەو كارە نامرۆڤانەشەوە بوو. كە وا ڕۆژی (١٤-٤ ی هەموو ساڵێك)كراوە بە ڕۆژی یادكردنەوەی ئەنفال لە تەواوی كوردستاندا.

٤- هێرشی چوارەم: ئەم هێرشە لە لای خۆرهەلاَتەوە بە سەرپەرشتی(محمد نازم حسن) لە (پێباز و پولۆنگە)وە بە ڕێكەوتن و گوندی (شێخ تەویل)یان وێران كرد. پاشان خەڵكی ئەم ناوچەیە كە بە هەزاران كەس دەبوون لە گوندی (فەقێ مستەفا) بە سەربازو جاش چوار دەوریان گیراو هەموویان ڕاپێچكران بۆ قەلاَ سەربازیەكەی (قۆرەتوو)،[10] بەلاَم هێزە هاوبەشەكەی (پولۆنگە) كە دەكەوێتە (١٠_١٥)كم باشووری شاروچكەی (دەربەندیخانەوە)دوچاری بەرگریەكی كەم وێنەی پێشمەرگە بوونەوە لە گوندی(شێخ تەویل)، سەرەڕای پاڵپشتی فڕۆكەی جەنگی و تۆپی قورس، ماوەی (پێنج)ڕۆژ' ئەمجا توانیان بەرگرییەكەی(شێخ تەویل)بشكێنن، لەم بەرەنگارییەشدا (پەنجا)پێشمەرگە هەبوون،[11] بۆیە ڕووبەڕووبونەوەی پێشمەرگەكانیش بێ سوود بوو لە بەردەم ڕاگرتنی توندوتیژییەكانی سوپای بەعس لە ناوچەی گەرمیان، كە بۆ لە ناوبردنی گەرمیانیەكان بە بێ جیاوازی گرتبوویە بەر.

---

[9] مەلاتەحسین گەرمیانی: بیرەوەرییەكانم و بەشێك لە تراژیدیاكانی ئەنفال، چاپی یەكەم، چاپخانەی رەهەند، سلیمانی، ٢٠٠٣، ل,١٦

[10] محمد رئوف عزیز: س، پ، ل,٥٠

[11] جاسم محمد محمد علی: س، پ، ل٣٠.



## باسی چوارەم: سەنتەری كۆكردنەوەی گەرمیانییەكان

دوای دەست پێكردنی قۆناغی سێیەمی(ئەنفال)و بە ئەنجام گەیاندنی پلانەكانی پەلاماری گەرمیان و وێرانكردنی گوندەكانی گەرمیان و بردنی سەروەت و سامانی خەڵكەكەو گرتنی زۆربەی هەرە زۆری گەرمیانیەكان، ڕژێمی بەعس بە پێی بەرنامەیەكی پلان بۆ دانراو چەندین شوێنی دیاریكرد وەك (سەنتەر) بە مەبەستی كۆكردنەوەی خەڵكە ئەنفالكراوەكانی گەرمیان تێیدا، ئەو سەنتەرانەش بریتی بوون لە:

(١) سەنتەری (ملە سورە).*

(٢) سەنتەری (علیاوا).1-**

(٣) سەنتەری (لەیلان).***

(٤) سەنتەری (قادركەرەم).2-****

(٥) دوو سەنتەر لە ناو شاری (خورماتوو)، ئەوانیش :

---

* ملە سورە: گوندێكە دەكەوێتە نزیك شاری (كەلار)ەوە وەك سەنتەرێك دەستنیشانكراو زۆرترین ئەنفالكراوەكانی تێدا كۆكرایەوە( بروانە، حسن بارام: س، پ، ل١٦٩).

1-** علیاوا: ئەم سەنتەرە دەكەوێتە خۆرئاوای ناحیەی( قادركەرەم )ەوە ( بروانە، حسن بارام: ه.پ، ل١٧٠).

١- سهیل خورشید عزیز: نەخشەی پاكتاوی ڕەگەزی لە ناوچەی گەرمیان، چاپی یەكەم، ٢٠١١.

*** لەیلان: دەكەوێتە شارەدێی ( لەیلان )ەوە لە خورهەلاَتی شاری ( كەركوك )وەكو سەنتەرێك بەكارهێنرا بۆ ئەو خەڵكانەی كە لە ناوچەكانی( بناری گل، زەنگنە، شێخان ) و بەشێك لە ( جەباری )لە سنوری ناحیەی ( قادركەرەم )( بروانە، حسن بارام: س، پ، ل١٧٠).

2-**** قادركەرەم: ئەم سەنتەرەیش دەكەوێتە خۆرئاوای ناحیەی ( قادركەرەم )ەوە تایبەت بوو بە ئەنفالكراوەكانی ناوچەكانی( بناری گل، زەنگنە، شێخان )، ( بڕوانە، حسن بارام: س، پ، ل١٧١).

٢- میدل ئیست: س، پ، ل٢١٦.

یەکەم // سەنتەری(مەرکەز شەباب). *****

دووەم // سەنتەری(دواناوەندی رەشید). 3-*****

(٦) سەنتەری(چەمچەماڵ) 4-******

ئەم سەنتەرانەش وەك دۆزەخێك وابوو بۆ گوندنیشینەکانی ناوچەی (داوێ، بناری گل، زەنگنە، شێخان،.....هتد)[5] ، کە واتا ئەم سەنتەرانە بۆ دەست بە سەراگرتنیان بوو، پاش ئەنفالکردنیان، لەم سەنتەرانە تەواوی ژن و پیاو و منداڵ بە هەموو چینو توێژەکان و ڕەگەزەوە کۆکرانەوە ، دواتریش بە پێی پلانێك ڕەوانەی کامپە تایبەتەکان کران کە زۆربەیان شەهید بوون.

***** سەنتەری( مەرکەز شەباب ):بریتی بوو لە بینایی سەنتەری لاوانی شاری( خورماتوو )ئەم سەنتەرەش تایبەت کرابوو بە ئەنفالکراوەکانی ناوچەی( داوێ ) و هەندێ لە خێزانەکانی بناری ( گل )( بڕوانە حسن بارام :،س،پ،ل ١٧١ )

3-***** سەنتەری( دواناوەندی رەشید ):ئەم سەنتەرەش لە شاری( خورماتوو ) بوو،تەنها بۆ پیاوان تەرخانکرابوو کە تەمەنیان لەنێوان( ٢٥ــ٥٠ )ساڵ بوو،بە زۆریش خەڵکی ناوچەی( داوێ )بوون.( بروانە، حسن بارام :س،پ،ل١٧٢ ).

٣- حسن بارام :،س،پ،ل١٧٢.

4-****** سەنتەری( چەمچەماڵ )ئەم سەنتەرە شاری ( چەمچەمال )بوو،کە تایبەت بوو بە ئەنفال کراوەکانی ناوچەکانی( شوان،هەمەوەند،جەباری )و بەشێك لە ناوچەکانی( زەنگنە )ش،( بروانە حسن بارام :،س،پ،ل ١٧١ ).

٤- حسن بارام :،س،پ،ل,١٧٢

[5] فەرەیدون عارف: لە سەربازەکان دەترسم،ناتوانم ڕا.کەم،٢٧٠٧کوردی،ل,٨٠



## باسی پێنجەم: کامپە تایبەتیەکان

لە دوایی جینۆسایدکردنی خەڵکی ناوچەی گەرمیان لە قۆناغی(سێ)ی پەلاماری ئەنفالداو کۆکردنەوەیان لە سەنتەرەکانو جیاکردنەوەیان بە پێی بەرنامەیەکی دیاریکراو، ڕژێمی بەعس دەستی کرد بە دانانی چەندین کەمپی تایبەت بە مەبەستی بردنی ئەنفالکراوەکان لە سەنتەرەکانەوە لە دوای جیاکردنەوەیان لە یەکتری، کامپەکانیش بریتی بوون:

(١) کامپی تۆپزاوا: ئەم کامپە دەکەوێتە خۆرئاوای شاری (کەرکوك)ەوە، یەکێك بوو، لەو کامپە گەورانەی کە ڕژێم ئامادەی کردبوو، بۆ ئەنفالکراوەکانی (گەرمیان و شوان)و ناوچەکانی تری سنوری گەرمیانو بەشێك لەگیراوەکانی سنوری (زەنگنە، بناری گل، جەباری، شێخان... هتد) ڕەوانەی ئەم کامپە کران.

(٢) کامپی دبس: ئەم کامپە مۆڵگەیەکی تایبەتی سوپای میللی بوو، لە نزیك شارۆچکەی (دبس)سەر بە پارێزگای(کەرکوك)، ژمارەیەکی زۆر لە ئەنفالکراوەکانی گەرمیان ڕەوانەی ئەم کامپە کران، ئەنفالکراوەکانی ئەم کامپە(٣_٦)مانگ ماونەتەوە، دواتر ڕەوانەی(نوگرە سلمان کران)[1]، ئەمەش بە هۆی زۆری ژمارەی ئەنفالکراوەکانەو بوو، سەرەڕای مردنی زۆرێك لە ئەنفالەکان بە هۆی برسێتی و نەخوشیەوە.

(٣)کامپی تکریت: ئەمەش یەکێکی تربوو، لەو دۆزەخانەی ڕژێمی بەعس کە بۆ لە ناوبردنی کورد ئامادەکرابوون، ئەم کامپەش نزیك شاری (تکریت) بوو، تایبەت بوو بە ئەنفالکراوەکانی ناوچەی (داوێ، دوای ئەوەی لە ناوەندی شاری(خورماتوو)ژن و پیاو و منداڵ لە یەکتر جیاکرانەوەو پاش چەند ڕۆژێك ڕەوانەی ئەم کەمپە کران.[2] هەر بۆیە ئەم کەمپانە بووە دواین مەنزڵگەی ژیانی زۆرێك لە ئەنفال کراوەکان و هەندێکیشیان ڕەوانەی (نوگرە سلمان) کران، کە ئەمەش تەواوی جۆرەکانی جینۆسایدکردنی تێدا پەیڕەوکرا.

[1] فەریدون عارف: س،پ،ل,٨١

[2] حسن بارام: س،پ،لل,١٧٨،١٧٧

## باسی شەشەم:
## زەرەرو زیانەکانی ناوچەی گەرمیان لە پەلامارەکانی ئەنفالدا

لە دوای تەواوبوونی قۆناغی(سێ/ئەنفالی گەرمیان) و جێ بە جێ کردنی سەرجەم پلانەکانی پەلاماردانی گەرمیان، کە بووە هۆی وێرانکردنی ناوچەی گەرمیان لە هەموو ڕوویەکەوە، چونکە ئەم قۆناغە کارەساتبارترین قۆناغەکانی پەلاماری ئەنفال بوو، هەر وەکو لە ئامارێکدا هاتووە کە زەرەرە زیانەکانی گەرمیان بەم شێوەیە بوو:

١- (٤٥,٧٧٧) خێزان، ئاوارە و بەندو بێ سەر و شوێن کرا.

٢- (٧٨١)[1] گوندو (٦) ناوەندی ناحیە سوتێنراو لەگەڵ خاکدا یەکسان کرا.

٣- (٣٩١٧٨) خانووبەرە وێران کرا. لەگەڵ (٣٨١) قوتابخانە، (٦٥٧) مزگەوت، (٦٩) نەخوشخانە وێران کرا.

٤- (٥٢) عەماری ئاو و ماتۆڕی ئاو، (٤٧) مەکینەی ئاش، (١٣٥) کارێز و ئەستێل تەقێنرایەوە .

٥- (١٥٧) تەکیەو خانەقا و مەرقەد و شوێنەواری پیرۆز وێران کرا.

٦- (١٤٣٥) ڕەز سوتێنرا،(٥٧٠) هەزار تەن گەنم و جۆ و دانەوێلە،(١٧٢٢٠) تراکتۆرو مەکینەی جۆراوجۆر بە تالآن برا.

٧- (٤٧٢٧٧٠) سەر مەڕ و بزن، (١٥٠٠٠) سەر ڕەشە ولآخ بە تالآن برا.

٨- نزیکەی (٨٠٠٠٠) مرۆڤی بێ تاوانی کوردی گەرمیانی بە بێ جیاوازی (ڕەگەز و تەمەن) بێ سەروشوێن کرا.[2]

[1] (بروانە: پاشکوی بەڵگەنامەکان نەخشەی ژمارەی (١١)، ل٦٩,



ئەمانە تەنها نوسراون! ڕەنگە زۆرێکی تریش تۆمار نەکرابێ، سەرەڕای ئەوەی چەندین منداڵ بێ باوك و دایك بوون؟ چەندین منداڵ لە بەندیخانەکان لە دایك بوون و مردن؟ ئاخۆ چەند ژن و پیاو لە یەك جیاکرانەوە کە ڕێگر بوون لە بەرهەمهێنانی منداڵ؟ چەند باوك و دایك بێ منداڵ بوون؟ چەند ژن بێ پیاو بوونو بێوەژن کەوتن؟چەند پیاو بێ ژن بوون؟ چەند زەوی لە بەرهەم هێنان و چەند ئاژەڵ لە زاووزێ وەستێنران؟ کە ئەمەش بە تەواوی ڕێگر بوو، لە دووبارە دەست پێکردنەوەی ژیانێکی تەندورست لە ناوچەکە, هەر بۆیە. تەواوی جۆرەکانی جینۆساید لە پەلاماری ئەنفالدا هەیە، لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەنفال جینۆسایدە.

[2] جاسم محمد محمد علی: س،پ،لل٣٧ـ٣٨,

## بەشی چوارەم
## هۆیەکانی قوڵبوونەوەی هێرشی ئەنفال لە گەرمیان

### پێکهاتەکانی بەشی چوارەم

باسی یەکەم: هۆکاری سنوری جوگرافی.

باسی دووەم : هۆکاری تۆبۆگرافیا.

باسی سێیەم : هۆکاری سیاسی.

باسی چوارەم : هۆکاری ئابوری.

یەکەم: نەوت.

دووەم: بەروبوومی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.





## باسی یەکەم: هۆکاری سنوری جوگرافیا

گەرمیان کەوتۆتە لای خوارەوەی سنوری باشووری کوردستان و هاوسنوری عێراقەو سەر بە(حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقە).[1] لەلای باشووری یەوە لەشارۆچکەی (کفری)ەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە شارۆچکەی (کەلار)، لای ڕۆژهەلاتیشەوە ڕێگای سەرەکی نێوان(کەلار-پێباز - دەربەندیخان) دەگرێتەوە تا دەگاتە زنجیرە چیای قەرەداغ. لەباکوریشەوە لەزنجیرە چیای سەگرمەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە کۆمەلگەی (تەکیەو) ڕێگای سەرەکی نێوان (چەمچەماڵ-کەرکوك). وە لەخۆرئاواشەوە، لەکەرکوکەوە دەست پێ دەکات بەرەو ڕێگای سەرەکی (کەرکوك- دوزخورماتوو) تا دەگاتەوە شارۆچکەی کفری.[2] ئەمەو ناوچەکە هێلێکی جیاکەرەوەیە لەنێوان عێراق وکوردستاندا. هەروەها هێلێکی جیاکەرەوەی گەرمیان و کوێستانی کوردستانە، بۆیە لەڕووی جیۆپۆلیتیکەوە ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی چارەنوس ساز بووە، بۆ هەر هێزێك دەستی بەسەرا گرتبێت وەك (دڵی زەوی ) وایە.[3] لێرەوە دەتوانین بلێین بەهۆی هاوسنوری ناوچەی گەرمیان لە دەسەلاتی بەعسەوە، کە ئەمەش هێلێکی تەماس بووە، بۆیە وای کردووە هێرشێکی ڕاستەوخۆ بکاتە سەر ئەم ناوچەیەو بەناوی (ئەنفال)ەوە دەستی بەسەردابگرێت. هەروەها بەهۆی گرنگی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکەوە، وای کرد بەعس بۆ زۆر مەبەستی سیاسی و ئابوری ناوچەکە بەکار بهێنێت بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە تایبەتیەکانی خۆی. کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەم ناوچەیە بەشێوەیەکی دڕندانەتر ئەنفال بکرێت و ڕێژەیەکی زۆر لەدانیشتوانەکەی ڕاپێچی مەرگ بکرێت

[1] صالح هەلاج: چەردەیەکی مێژووی دەڤەری گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، ٢٠١١،ل ١٤,

[2] جاسم محمد محمد علی: س. پ، ل ٢٢,

[3] هەلاج: س. پ.ل ١٧.



## باسی دووەم- تۆپۆگرافیا

تۆپۆگرافیا واتە بەرزو نزمی ڕووی زەوی ، کە گاریگەری و ڕۆڵی گەورەی دەبێت لەسەر ڕەوت و ئاراستە و ئەنجامی شەڕەکانیدا.[1] ئەمەش پەیوەندی بە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانەوە دەبێت لەلایەن هێرشکەرەوە بۆ ناوچەکە، کە مەبەستێتی داگیری بکات یان دەستی بەسەردا بگرێت. بەرزی ناوچەی گەرمیان بەگشتی (٢٠٠) تا(١٠٠٠) مەترە لەئاستی رووی دەریاوە، ئەمەش بۆخۆی ناوچەیەکی بەرزو ئالۆز نییە بۆ جموجوڵی سەربازی.[2] واتە ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی ناوچەیەکی ئاسۆییە کە دەتوانرێت بەئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت. هەر بۆیە ڕژێمی بەعس زۆر بەئاسانی توانی لە هەموو پەلامارەکانی سەرکەوتوو بێت، بەهۆی تۆپۆگرافیایی ناوچەکەوە ئاسان بوو بۆ بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلەکانی سەربازی و تانك و زرێپۆش و...هتد، وە بەرەنگاربوونەوەی پێشمەرگە کەمتر بوو لەناوچەکە بەهۆی تۆپۆگرافیاوە. ناوچەکەش شاخی بەرزو ئالۆزی تێدانی یە، کە خەڵکی بتوانن خۆیانی تێدا حەشار بدەن.[3] لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت تۆپۆگرافیایی ناوچەکە وای کرد کە زۆربەی خەڵکی ناوچەکە لەقۆناغی (سێ)ی ئەنفالدا زیاتر لەناوچەکان و قۆناغەکانی تردا (جینۆساید) بکرێن و زۆربەیان یان بەزۆر دەگیران یان خۆیان بەدەستەوە دا، کە تائێستا ژمارەیەکی زۆریان چارەنوسیان نادیارە.

[1] ڕۆڵی جوگرافیا وەك کەرەستەیەکی جیۆپۆلیتیك لە ئافراندنی ڕووداو مێژوو شارستانی، و:ئومێد ئیبراهیم محمد، گۆڤاری مێژوو، ساڵی چوارەم بەهاری ٢٠١٠، ژمارە( ١١٤، ل ١٩٧,

[2] جاسم محمد محمد علی : س.پ.ل ٥٥,

[3] دەرباز محمد: کەلار لەلادێوە بۆ شار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلیمانی، ٢٠١٠، ل ١٥٨.

## باسی سێیەم- هۆكاری سیاسی

ناوچەی گەرمیان مەڵبەندی شۆڕشی(نوێ)بووە.[1] ئەمەش بەهۆی پەیوەست بوونی خەڵكی ناوچەكەوە بووە بۆ شۆڕش، چونكە دانیشتوانی گەرمیان لەمێژەوە پەیوەندیەكی پتەویان بەبزتنەوەی ڕزگاری خوازی كوردەوە هەبووە، وە زۆربەی ڕۆڵەكانی لە ڕیزی ئەوكاتەی بزوتنەوەكاندا پێشمەرگە بوونە، هەروەها گوندنشینەكانیش بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ یارمەتیدەری شۆڕش بوون. بۆیە ناوچەیەكی بەرفراوانی گەرمیان دەسەلاتی شۆڕش و حوكمی پێشمەرگەی تێدا چەسپاو بووە.[2] واتا لەساڵی (١٩٨٨). لەو سەردەمەدا بەناوچەی ئازادكراوەكان ناو دەبرا.[3] ئەمەش هۆكاری سەرەكی سیاسی بوو كە وای كرد ڕژێم پەلاماری ئەم ناوچەیە بدات بەمەبەستی دووبارە دەست بەسەراگرتنی ناوچە ئازادكراوەكانو نەهێشتن و سڕینەوەی هەستی نیشتیمان پەروەری لەناوچەكەو نەهێشتنی پێشمەرگە، چونكە بە وێرانكردنی، پێشمەرگە پاڵپشتی گەورەی ماددی و مەعنەوی و كۆمەلایەتی و سەربازی لەدەست دەدات.[4] بۆیە دەتوانین بڵێین دڵسۆزی گەرمیانییەكان بۆ شۆڕش و پێشمەرگە دڵسۆزییەكی پتەو بووە، ئەمەش بۆ سەركەوتنی شۆڕشو رزگاربوونی یەكجاریان بووە، بەلاَم بەهۆی پەلاماردانی بەعس بۆ ناوچەكە لەژێر ناوی (ئەنفال)، وای كرد زۆربەی زۆری گوندەكان وێران بكات و خەڵكەكەی دەستگیر بكات بە هەموو چین و توێژەكانییەوە، بەبێ جیاوازی ڕەگەزو تەمەن. كە ئەمەش بووە هۆی دابڕان لە شۆڕش و ژیان.

---

[1] ڕێكخراوی مافی مرۆڤ/ خۆرهەلاَتی ناوەراست :س، پ. ل ١٠٨,

[2] جاسم محمد محمد علی : س، پ. ل ٤٨,

[3] ه: س،پ،ل ٤٨,

[4] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ سمكۆ سابیر،كەلار، ٢/٣/ ٢٠١١,



## باسی چوارەم- ئابووری

هۆكاری ئابوریش هۆكارێكی گرنگ بوو بەلای بەعسەوە بۆ پەلاماردانی ناوچەی گەرمیان، ئەمەش بۆ دەست بەسەراگرتنی زەوی و زاری سامانە سروشتیەكان بوو. هەروەها بۆ دەست بەسەراگرتنی سەروەت و سامانی خەڵكەكەی بوو، كە وای كرد بژێوی ژیانیان بەتەواوی تێك بچێت، لەم ڕووەشەوە دوو هۆكاری سەرەكی بوونە هۆی ئەوەی كە گەرمیان بەشێوەیەكی زۆر كارەساتبار ئەنفال بكرێت، ئەوانیش بریتی بوون لە:

### ١- نەوت:

كوردستان خاوەن یەكێك لەگەورەترین گەنجینەی ژێرزەمینی نەوتە، نەك لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست بەڵكو لەهەموو جیهاندا. هەروەها لانەی هەرە پڕ نەوتەكانی كورد كەوتۆتە كوردستانی ناوەڕاستەوە لەكەركوك، وە ئەو نەوتەی لەژێر خاكەی دایە وەك ئاوێكی سروشتی لە ڕووی زەویەوە لەدێر زەمانەوە بلَق دەدات [1] . بۆیە ئەم سامانە سروشتی یە وای كرد بەعس بەشێوەیەكی دڕندانە پەلاماری ئەم ناوچەیە بدات ، بۆ دەست بەسەراگرتنی نەوتی ناوچەكە، چونكە نەوت لەسەدەی بیستەمەوە لە هەموو جیهاندا بایەخێكی گرنگی پەیداكرد، ئەم سامانە سروشتی یە وای كرد ببێتە بەلاَیەكی گەورە بۆ لەناوبردنی خەڵكە بێدەستەلاَتەكەی گەرمیان، نەك بۆ خۆش بەختیان. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیەش دەبینین

---

[1] میهردادی ئیزەدی: چەردە باسێك لەبارەی كوردانەوە،و.شوان ئەمین، چاپی یەكەم،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلیمانی، ٢٠٠٧، لل ٤٩٦-٤٩٨.

ناوچــــەکانی عەشـــــیرەتی (جــــەباری، زەنگەنــــە، داودە و گــــل) لــــە ناحیــــەکانی(لــەیلان، قــادر کــەرەم و نــەوجول) کــە نــزیکن لــە کێڵگــە نەوتیەکانەوە یان چاڵە نەوتەکان، کە دەکەوێتە سنوریانەوە بەر دڕندەترین شالاۆەکانی ئەنفال کــەوتوون.[2] ئەمــەش بــۆ تێکــدانی هــەموو بارودۆخــە جیاوازەکانی ژیانی خەڵك بوو، بارودۆخی (سیاسی، ئابوری، کۆمەلاّیەتی) ، بەمەش گرتن و لەناوبردنی زۆربەی خەڵکی گەرمیان دەستی پێکرد.

## ٢- بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری:

بەهەردوو جۆرە سەرەکییەکەوە، ئــەوانیش بــەخێوکردنی مــەڕومالاّت و چــاندنی بەرەبومــە کشــتوکاڵییەکانە، ناوچــەکانی گــەرمیان بەباشــترین لەوەڕگای سروشتی لەعێراق دادەنرێت، کە دەتوانرێت مــەڕومالاّتێکی زۆر لەناوچــەکەدا بــەخێو بکرێــت.[3] چــونکە خــاوەنی فــراوانترین زەویــەو دەشتەکانیشی بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ بە کەڵکە، ئەم سنورە زیاتر پشــت بــە باران دەبەســتێت.[4] تێکــڕای بــاران بــارین لەناوچــەکەدا لــەنێوان(٢٥٠-٢٦٠)ملم دایە لەساڵێکدا، ئەم بــڕە بارانــە زۆر لــەبارە بــۆ شــین بــوون و ڕواندنی گــژوگیای پێویســت بــۆ بــەخێوکردنی ئــاژەڵ بەتایبــەتی مــەڕ و مالاّت.[5] واتا سروشتی ناوچەکە وای کردووە خەڵکی ئــەم ناوچــەیە زیــاتر بایەخ بە بەخێوکردنی ئاژەڵ بدەن وەك سەرچــاوەیەکی پێویســت بــۆ دابــین

[2] جاسم محمد محمد علی: س، پ، ل ٥٨,
[3] جاسم محمد محمد علی: س.پ،ل ٦٠,
[4] هەلاج:س.پ،ل ١٧,
[5] جاسم محمد محمد علی: س.پ،ل ٦٠,



کردنــی بــژێوی ژیانیــان. هــەروەها چــاندنی دانەوێڵــە(گــەنم، جــۆ، نــوك و....هتد)لەناوچەکەدا بەرهەم دەهێنرێت، بەجۆرێك کە دەتوانرێــت بــژێوی خەڵکەکە دابین بکات و بڕێکی زۆریشی بنێردرێتە ناوچەکانی دیکە.[6] واتا ئاژەڵداری و کشتوکاڵ سەرچــاوەی ســەرەکی بــژێوی ژیــانی خــەڵکی ئــەم ناوچانە بوونە.[7] بۆیە پەیوەندی بەرهــەم هێنــانی کشــتوکاڵ و ئاژەڵــداری ناوچەکە پاڵنەرێکی دیکە بوو بۆ ئەو هێرشە نامرۆڤانەی بەعسی بۆ سەر ناوچەی گەرمیان. ئەمەش بووە هــۆی خراپبــوونی بــاری ئــابوری ناوچــەی گەرمیان، بە خراپ بردنی باری ئــابوری ناوچــەکەش وای کــرد کــە ژیــان بەشێوەیەکی تەندروست لە ناوچەکەدا نەمێنێت.

[6] ه.س.،ل ٦١,
[7] گۆران شێخ مستەفا: س. پ، ل ١٢٤.

## بەشی پێنجەم

## ئەنفال لە سەر زاری ڕزگاربووانەوە

### پێکهاتەکانی بەشی پێنجەم

یەکەم: نەورۆز علی حسن.

دووەم: نوری غێدان حمد.

سێیەم: جواد ناوخاس.

چوارەم: شنۆ علی ڕەزا.

پێنجەم: ئامینە ولی غێدان.

**یەکەم: نەورۆز علی حسن.**




- نەورۆز عەلی حەسەن لەدایکبووی ١/ ٧/ ١٩٢٠.
- لەکاتی ئەنفالدا دانیشتووی گوندی (عەلیانی تازە) بووم.
- ئێستا دانیشتووی شاری کفریم.
- ٢٠ کەس لەئەندامانی خێزانەکەم ئەنفالکراوە بەم ناوانە:

١- قادر حسێن محەمەد
٢- محەمەد حسێن محمد
٣- عەباس حسێن محمد
٤- حەمید حسێن محمد
٥- ئامین حسێن محمد
٦- حەلاو حسێن محمد
٧- جەمیلە خێزانی قادر حسێن
٨- ئاسۆ قادر حسین



٩- دلێر قادر حسین
١٠- کامەران قادر حسین
١١- سیروان قادر حسین
١٢- فکری خێزانی محەمەد حسێن
١٣- گولاڵە محەمەد حسێن
١٤- فەتاح مێردی ئامین حسێن محەمەد
١٥- هاجەر فەتاح عبدالرحمن
١٦- ئارەزوو فەتاح عبدالرحمن
١٧- میدیا فەتاح عبدالرحمن
١٨- جاسم مێردی حەلاو حسێن محمد
١٩- مهاباد جاسم
٢٠- (ناوی کچێکی جاسم)م بیرچووە.

((ماڵمان لە گوندی (عەلیانی تازە) بوو، ژیانمان زۆر خۆش بوو، خەریکی فەلاحی بووین و بەراومان دەکردو ڕان و گاگەلمان هەبوو، کوڕەکانم ماڵیان بەڕێوە ئەبرد ، ئیتر ژیانمان زۆر خۆش بوو, خۆزگە ئەو سەعاتە ئەمردم پێش ئەوەی ئەم کارەساتەمان بەسەر بێت, کە بۆت ئەگێڕمەوە.

کاتێکمان زانی خەڵکی لە ناوچەی (داوێ) هاتنە خوارەوە بەسەر ئێمە، لە ترسی حکومەت ڕایان کردبوو, ئەو کاتە حکومەت نەگەیشتبووە گوندەکەی ئێمە, هەرچی لە گوندەکەی ئێمەش بوو , شەو دەشتمان دالەبەر گوایە بەرەو ئێران بڕۆین, هەرکێ تراکتۆری بوایە بە سواری تراکتۆرەکەی ئەڕۆی، هەرکەسێکیش نەی بوایە بەپێ ئەڕۆی، ئێمەش تراکتۆرمان بوو، شەو سواری بووین بەرەو (هەوارە قوڵە) کەوتینە ڕێ ، کە گەیشتینە (هەوارە قوڵە) وتیان بەرەو ژوور بڕۆن باشترە، ئیتر ئێمەش کەوتینەڕێ بەرەو ژوور، لە ڕێگا دراینە بەر تەقە ، نەمانزانی کێن

ئەوانەی تەقە ئەکەن, دووبارە گەڕاینەوە، ئینجا کەوتینە ڕێ بەرەو (میرقاسم)، وتیان بەرەو حکومەت ئەڕۆین، قابیلە ئەم هەموو خەڵکە بکوژێ، ئیتر گشتی کەوتەڕێ، کەس خەبەری لە کەس نەما، تا گەیشتینە (میرقاسم)، کاتێکمان زانی (چوار) تەیارە بەسەرمانەوەیە. ئینجا بەرەو (ملە سورە) کەوتینەڕێ، کە گەیشتینە (ملە سورە) خەڵك گشتی کەڵکەی گرت بوو، ئەتوت ئاخرزەمانە، لە وێ هەموومانیان گرت، ئینجا بەرەو (مەیدان)بردمانیان ، هەر کێ مەکینەی بوو، بە مەکینەی خۆی برا، دوای مەکینەکانیان لێمان سەند لە(مەیدان)، هەموو حکومەت و جاش بردی ، لە (مەیدان) یەکێ لە جاشەکان باش بوو، هاتە لامان و ئەگریاو ئەیدا بەسەریا، بە پیاوەکانی ئەوت بۆ خاتری خواو پیغەمبەر خێزانەکانتان جێ مەهێڵن، لە مەیدان ماوەیەك ماینەوە, لە (مەیدان) خواردن زۆر کەم بوو، مناڵ هەمووی لە برسا ئەگریا، یەکێك لە کوڕەکانی (صالح) لەگەڵمان بوو، ناوی (گەرمیان) بوو، لەبرسا خەریك بوو ئەمرد، منیش تۆزێك نانە ڕەقەم پێ بوو، دام بەدایکی (گەرمیان)، کە ناوی (بەفراو) بوو، وتم بیکە بە ئاوەوەو بیدەرێ با لە برسیا نەمرێت, دوای بردمانیان بەرەو (تۆپ زاوە)، سێ شەویش لەوێ ماینەوە لە (تۆپ زاوە)، ژنێ حامیلە بوو منداڵێکی بوو، لە ناو ئەو هەموو خەڵکە توشی(خوین بەربوون)هات، ئیتر دکتۆرێك هات دەرزییەکی لێدا، دکتۆرەکە زۆر باش بوو، ئەو سێ ڕۆژە هەموو بەیانیەك ئەهات بۆ لای و شتیشی بۆ ئەهێنا.، دوای ئەو سێ شەوە، ناوی هەرچی پیر و پەکەوتە بوو ئەیان نوسی، ناو منیشیان نوسی، هەر ئەو شەوە خستمانیانە ناو زیلێك، بەیانی شەبەقی دا گەیشتینە (نوگرە سەلمان)، نەیان هێشت هیچ منداڵێك لەگەڵ خۆمان بێنین، جا با دایکی خۆت بێت بڵێ، ژنێك مناڵەکەی لەباوشی بوو، بەخوا ئەو جوندییە کافرو زاڵمە هات بە کێبڵ دای بەدەست دایکیدا، مناڵەکەی فڕێ داوە سەر خۆڵەکەو دایکیشی خستە



ناو زیلەکەوە, مناڵێکی ساوا لەسەر خۆڵەکە جێما، منداڵەکە شیرە خۆرە بوو، خوا ئەزانێ چی بە سەر هات, کە گەیشتینە (نوگرە سەلمان) دەرگایان لێمان کلیل دا، ئیتر ئاگامان لە دنیا نەما. هەرچی منداڵم بوو لە (تۆپ زاوە) جێ ما، نەمزانی چییان لێ بەسەر هات, (نوگرە سەلمان) زۆر پیس و ناخۆش بوو، نە خواردنمان بوو نەخواردنەوەی پاك, ژن بە جیا ئەکرایە قاوشەوە پیاویش بەجیا.

ئینجا دوانیان لە خۆمان کردە مەسئول بۆ دابەشکردنی نان و چێشت, نان و چێشتی چی ! زۆر ناخۆش و پیس بوو, گۆشتێکی پیسی ناو قوتیان لەگەڵ برنجی خراپ بۆ ئەکردینە چێشت، هەرکەسێ قاپی بوایە بە جیا پێیان ئەدا، ئەگەر یەك قاپیش بوایە هەردوو چێشتەکەیان بۆ تێکەڵ ئەکرد, ڕەمەزانمانیشمان لەوێ گرت، خۆم ڕۆژیم گرت, ئەو خواردنە کە ئەدرا بۆ ئێوارەو پارشێومان بوو, کە ڕەمەزان تەواو بوو، وتیان بەیانی جەژنە، ئیتر خوادنمان نەما و لێمانیان بڕی, هەر نەمزانی جەژن چۆن ڕۆیشت! جەژنمان بوو بەناخۆشی، دوای جەژن خواردنمان نەما، خواردن بوو بە (سێ) سەموون لە سەمونە درێژەکان. زۆر کەم خوێو ناخۆش بوو، ئەتوت لەبەر خۆر وشکی ئەکەنەوە، ئاخر پێم بڵێ(سێ) سەمون بۆ شەو ڕۆژێك چۆن بەشی پیاوێك ئەکات کە بە قاپێ نانو چێشتیش تێر نابێ؟ نەخواردن نەخەوتن نە خۆشۆردنمان نەبوو, لەناو قاوشەکان خەتیان لێ ئەدا ئەبوایە لە ناو ئەو خەتە بخەوتیتایە، خەوی چی؟ کەس نەئەخەوت لە قیژەی مناڵو لە دەنگی گریانو لە نەخۆشی, تەنانەت ئاوی خوادنمان زۆر پیس بوو، ئەگەر تەنکەرەکە نەهاتایە، ئاوی زێرابەکەمان ئەخواردەوە، یەکسەر گیانمان دا ئەڕزیا، سپێ بە بالأماندا ڕێی ئەکرد, بۆ خۆشوردن یەك سەتڵ ئاو بوو، هیچ شوێنێکیش نەبوو بۆ خۆشۆردن، تەنها (W.C)یە کە نەبێ، سەتڵێ ئاویش بەشی چی ئەکا؟ شەوان ئەهاتن بڕێ زەلامیان ئەبرد، ئەیان بەستە عامودەکەوە (دوو سێ) سەعات، کاتێ تەنکەرەکە

ئەهات ئاوی ئەڕژانده هەندێ چاڵەوە، چاڵەکە ئەبووە قوڕاو. دوای ئەوە ئەم پیاوە ئەختیارە بە کەواوسەڵتەوە لە ناو ئەو چاڵە دائەنیشت، دوای دەریان ئەکرد شڵپەی ئەهات، پیان ئەوت ڕابکە، ئێمە لە پەنجەرەوە سەیرمان ئەکردو ئەگریاین لە قارا. مردنێکی زۆر بوو، هەر لای خۆم (غوربەت صالح مەلا) مرد، (حمە قەویلە خەڵکی ژاڵە) بوو مرد، (سۆسەی خالە سەعید) مرد. (جەباریش کە لای ژنەکەی بوو شەو دەریان کردە بەردەم قاوشەکەو مرد)، ئەمانە من ئەمناسین، هەموو ڕۆژێك خەڵك ئەمرد, بۆ کفن کردنیشیان لە ناو خۆماندا پارەمان کۆکردەوەو دامان بەسایەق مەکینەی ئاوەکە دای بە (١٢) تۆپ قەماشی خام، ئەو (١٢) تۆپە قوماشە بەشی (٧) ڕۆژی نەکرد , ئیتر ئەو مەخلوقە بمردایە بەجلەکانی خۆیەوە ئەیان برد ئەیان خستە چاڵ، دوای ئەوە سەگە ڕەش ئەیانی خوارد, هەزار ناخۆشیمان بەسەر هات، ئەوەی من دیومە لە عەرەب لەکەسم نەدیە، بەخوا لە عەرەب زاڵم ترنیە، عەرەب بەس ئیسلام نیە هەموو شتێکە, دوای (٦) مانگ. ئینجا ناومانیان نوسی بۆ بەردان، ئیتر منیش چووم بۆ ناونووسین، بەخوا زەلامێك کێبلێکی دا بەدەستما، تا (سێ و چوار) مانگ شوێنەکەی شین ببوو، ئێستاش بیرمە بەرچاوم تاریك بوو بەپشتا کەوتم، دوای خستمانیانە ناو سەیارەو کەوتینە ڕێ، ئێمە نەمانزانی بۆ کوێ ئەڕۆین، تا گەیشتینە شوێنێك ، پیاوێك شارەزا بوو وتی واللە ئێرە (عەربەتە)، بەرەو سلێمانی ئەمان بەن، دواتر هاوردمانیانە (سلێمانی), لەوێ ئاویان بەردابوو بۆمان، گشتمان هیلاك و پیس و نەخۆش بووین, ئیتر دەست و دەم و چاومان شۆرد، خەڵکی سلێمانی زۆرباش بوو، شتی زۆریان بۆمان هێنا، لە نان وخواردن و هەرچی لە دەستیان بەهاتایە.

نانێکیان دا بە خۆم لەبەر هیلاکی پێم نەخورا، تا کەلار هەر پێم بوو, لە ناو خەڵکەکە وردتە وردت پەیابوو وتیان ئەمان بەن بۆ(کەلار).



وامزانی ئەمبەن بۆ بەهەشت، وامزانی مناڵەکانم لەوێن، کە گیشتمە کەلار، کوڕەکانمو مناڵەکانم لەوێ نەبوون، ئیتر لێم بوو بە جەهەنم، ئینجا وتیان ناو بنووسن لە "سمود" (واتا ڕزگاری ئەمرۆ) زەوی ئەدەن، وتم چی لە زەوی بکەم؟ گوی سەگ بکەمە ناو زەوی ! ئینجا وتیان هەرچی کەسێك خزم و کەس و کاری هەیە با بێت ببێت بەکەفیلی بەرەڵای ئەکەین، منیش حاجی برام بە ڕەحمەت بێ هات بوو بە کەفیلمو بەردرام، دوای ماوەیەك (علی) کوڕم کە ئێستا لامە لای(ئێران) ئەسیر بوو، لەشەڕی (ئێران وعێراق) گیرابوو، لەو (خوا) و (ئێران) بەزیاد بێت کە بۆمانیان گەڕاندەوە , هەر بەتەمای کوڕەکانم و مناڵەکانم بووم، تا ئێستاش هەر بەتەمای ئەو کوڕە نازدارانەم،(دایك عەباس)بمرێ، ببمە قوربانتان کوڕە تاقانەکەم ، پێم شکا، مناڵم نەما،کەسم نەما، خوایە شوکرمە بەشت. کورە جوزانم هەزار دەردە سەریمان بەسەرهات. لە دوای ئەنفالیش ژیانمان زۆر ناخۆش بوو زۆر، هەتا ئێستا چاوەڕێی مناڵەکانم ئەکەم، بۆیان ئەگریم، هەر بەتەماشمو بەتەماشیان ئەبم , ئەوەندەگریام هەردوو چاوم عەمەلیات کرد, هەرکاتێ لە تەلەفزیۆن باسی ئەکا کەوا گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵئەدەنەوە من دەست دەکەم بە گریان. بەشی من لەدوای ئەنفال هەر گریان بوو ! هەرچەند تا ئێستا نازانم (ئەنفال)یانی چی؟! بۆ (ئەنفال) کراین؟ چیمان کرد؟ تا وامان بەسەربێت)؟ .[1]

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ( نەوروز عەلی حەسەن)، کفری، ٢٠١٠/١٠/٦..

**دووەم: نوری غێدان حمد.**







- نوری غێدان حەمەد لەدایکبووی ڕێکەوتی ١/ ٧/ ١٩٣٠ .
- لەکاتی ئەنفالدا دانیشتووی گوندی (زنانە) بووم .
- ئێستا دانیشتووی شاری کفریم.
- سێ کەس لەئەندامانی خێزانەکەم ئەنفالکراوە ، بەم ناوانە:

١- ئەحمەد نوری غیدان حمد

٢- مەحمەد نوری غیدان حمد

٣- منداڵێکم، لەنوگرەسەڵمان لە دایك بوو، دوو هەفتەش ما، بەس ناومان لێ نەنا.

((لە کاتی (ئەنفال) ماڵی ئێمە لە گوندی (زنانە) بوو، ژیانم زۆر خۆش بوو، وەك ژیانی گوندەکانی تر خەریکی فەلاحی و ئاژەڵداری بووین ,



ڕۆژێك نازانم چ ڕۆژێك بوو، بەس مانگی (٤-١٩٨٨) بوو لەناکاو جێش و جاش ئەرزو ئاسمانی لێمان گرت, ئێمەش ئەو ڕۆژە بەرەو هەردەی (بەلەگە) ڕامان کرد، شەو گەیشتینە ئەوێ ، لەو هەردەیە ماینەوە. بەیانییەکەی تەیارە ئاسمانی لێمان گرتو دەستی کرد بە تۆپ باران، هەر لەوێدا ژنەکەی (فەقێ ڕشید)ی کوشت لەگەڵ حەیوانێکی زۆردا, ئێمەش هیچ شوێنێك نەما بۆی بچین، لە ترسا هاتینە (قۆری چای) تەسلیمی (شێرزاد علی بەلەگەی)بووین، کە رئیس جاش بوو, ئەویش دامانی بە حکومەت، ئینجا لەوێ وتیان هەرکەسێ مەکینەی پێیە با سواری بێ، ئێمەش سوار مەکینەکەی (حمە خان)ی ئامۆزام بووین، بردمانیان بەرەو (خورماتوو). کە گەیشتینە (خورماتوو) بارانێکی زۆر ئەباری، شەوێ لەوێ ماینەوە، شەوی دواتر بارکراین، زیاد لە (پێنچ سەد) کەس ئەبوین، گشتی ژن و پیاو و کوڕو کچ و مناڵ و پیر بوون، لە (خورماتوو) باریان کردین بۆ (تۆپ زاوە)، نازانم چ ڕۆژێك بوو گەیشتینە (تۆپ زاوە) لەوێ جێگامان نەبووەوە، چونکە خەڵکێکی زۆری لێ بوو, دوای ئەوە بردمانیان بۆ (تکریت)، لە تکریت خستمانیانە ناو بینای (جێش شەعبی)و دەستیان کرد بە جیاکردنەوەمان، ژن بەجیا، پیاویش بەجیا، هەرچی مناڵ لە خوار(١٠) ساڵ بوو لەگەڵ دایکیان بوو, هەرچی گەورەش بوو لەگەڵ ئێمە، واتا پیاوەکان بووین, ئەو شەوە هیچ شتێکیان نەکرد، بەس بەیانییەکەی نزیکەی (دووسەد گەنج)یان دەرکرد بە بەرچاوی ئێمەوە لێیان ئەدان، ئێمەش ڕۆشتینە لای (شامیل دەروێش) ئەویش ڕەئیس جاش بوو، وتمان بزان بۆ لێیان ئەدەن؟ بە بەر چاو خۆمەوە (ئەحمد حمید غێدان) چوار کەس بە تێلا لێیان ئەدا، گشتمان لە بێ دەسەڵاتیدا دەستمان کرد بەگریانو هاوارکردن، ئیتر (شامیل دەروێش) چووە لای ئەو عەرەبە

زاڵمانەو ووتی بۆ وایان لێ ئەکەن؟ بۆ لێیان ئەدەن؟ بەخوا گشتی عەشایەرەو پێیشمەرگەی تیا نیە, بۆیە ئەو قسەییەی کرد تا وازمان لێ بێنن، من شایەتم (شامیل) ئەو قسەیەی کرد, ئێمەیان بە (عمیلی ئێران) دادەنا, ئیتر هەموو شەوێ ئەهاتن بە کەیفی خۆیان گەنج و پیریان دەرئەکردو ئەیان بردو هەر بۆ کەیف ئەیان کوشتن ، خۆ ئەو فەقیرانە هیچیان نەکردبوو, دوای ئەو دوو شەوە وتیان کێ خۆی فیدایی ئەکا بۆ (قادسیەی سەدام)؟ لەسەروی مەوالیدی (٤٠) یان ئەنووسی، یان ئەبوایە لە (٥٠) ساڵ زیاتر نەبوایە، ئیتر هەمووی لە ترسا ناوی خۆی نووسی، دوای ناو نوسینیان بردیانیان، ئیتر نەمانزانی چیان لێ بەسەر هات , هەرچی کچی جوان و جاحێڵ بوو ئەوانەشیان برد، تەنها ژن و پیاوە پیرەکان لەگەڵ مناڵەکان ماینەوە، لە دوای مەغریب باریان کردین بەرەو (سەماوە)، نزیکەی(٥٠) سەیارە بووین، لەکاتی بارکردنمان لەسەیارەکەوە سەیرێکم کرد جلەکانی کوڕەکانمان (قەمسەڵەو جەمەدانی و شەواڵ و پتشوێن، دوور لە ڕووتان پێڵاوەکان)یشیان هەڵڕژابوو، هەموو کەڵەکە کرابوو، تا نیوەی سەیارەکەمان بەرزکرابووەوە، منیش وتم هەی ماڵمان ڕما ! (حاجی حمید) بەخوا کوڕەکانمان کەسیان نەماون، هەموویان کوشتوون، هەردوو کوڕەکەی خۆم (ئەحمەدو محمد)ی تیابوو، لەگەڵ شەبەقی بەیانیدا گەیشتینە (سەماوە)، وتیان لێرەش ڕێگا نەماوە، ئیتر لەوێش باکراین بەرەو (نوگرە سەلمان)، دوای (٣ سەعات) گەیشتینە (نوگرە سەلمان)، وەجبەیەکی تریش لە پێش ئێمەوە لەوێ بوون, نزیکەی مانگێك نانیان پێمان ئەدا، نانەکە زۆر خراپ نەبوو زۆریش باش نەبوو، دوای ئەو مانگە وتیان (علی حسن مجید) هاتووە بۆ ئێرە، خۆم نەم دی بەڵام وتیان بە تەیارە هاتووە وتوویەتی لەم ڕۆژە بەدواوە لە ئاوی سوێر و لەتێك سەمون زیاتر



هیچ تریان پێ مەدەن، ئیتر ئەم نیوەڕۆ بۆ ئەو نیوەڕۆ سەمون و لەتێك زیاترمان پێ نەئەدرا، ئیتر برسێتی و مردن لەبرسا ڕووی لێمان کرد، مناڵ گشتی لە برسا ئەگریا، ئێمەش لەو دۆزەخە هیچ دەسەڵاتێکمان نەبوو، (سەلام)ی کوڕم ئەوکاتە (٧) ساڵان بوو، لەبرسا ئەگریاو ئەی ووت: باوە نانم بۆ بێنە، منیش بە گریانەوە ئەم ووت ڕۆڵەکەم نان لە کوێ بێنم؟! ڕۆژانە (٨)کەس زیاتر لە برساو لە نەخۆشیدا ئەمردن, خۆم تا توانام هەبوایە لەگەڵ خەڵك ئەچووم بۆ ناشتنی مردووەکان، کە چوار پیاو ئەبوایە بڕۆشتایەن بۆ ناشتنیان, ناشتنەکەشیان چۆن بوو، تۆزێ خۆڵمان ئەکرد بەسەریاو جێمان ئەهێشت، دوای ئێمە سەگە ڕەشەکە ئەهات دەیخوارد , خۆم منداڵێکی(قەڵا چەرەمەڵەییم) برد بۆ ناشتن، لە دوای مردنی کە تەمەنی (دووساڵ) بوو، تۆزێ خۆڵمان بەسەریا کرد، ڕۆژی دوای ئەوە یەکێکی ترمان برد بۆ ناشتن، بینیم کفنەکەی لەو سەحرایەیەو ئێسکەکانی بەدەم سەگە ڕەشەوە بوو، ڕۆژێك لەگەڵ (حاجی حمید ) هاتینە خوارەوە سەیرمان کرد نزیکەی (٢٥) کەس مردوون، لەو ناوە بەسەر یەکەوە سەفتە کراون، خۆم بەدەستی خۆم دەستو دەمی(وەلید مەمەند)م لەیەك نا، لە برسا تووشی نەخۆشی هات و دواتر لە تەنیشت منەوە مرد.

دکتۆر هەر نەبوو لە لامان، تا بێتە لای ئەو نەخۆشانە، دوو مناڵ نەخۆش کەوتن لای ئێمە,  سێ (ئەمن) لە لامان بوو، حەرەسی قاوشەکە بوون، ڕۆشتین بۆ لایان تا دکتۆر بێنن، هەر ئەیان وت (اللە کریم اللە کریم) تا مردن! ئەو دوو منداڵە هی یەك ژنی قوڕ بەسەر بوو, لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو، پیاوێکی پیسی عەرەب لەسەر ڕێگای ئەو ژنانە بوو کە ئەچوون بۆ ئاو, هەر کەسێك نزیك ئەو بڕوایە ئەیداوە بەر قامچی! ئەیان ووت لەبەر ئەوە وا ئەکات چونکە دوو برای لە شەڕی

(ئێران و عێراق) کوژراون و داخی خۆی بە ژنەکانی ئێمەدا دەر ئەکرد, ڕۆژێك (حەبیبەی) خێزانم بەر دەستی کەوت‌و دایە بەر قامچی، خۆم بە چاوی خۆم بینیم، هیچ دەسەلاٚتێکم نەبوو لەسەیرکردن زیاتر، دوای هیلاك بوونی (حەبیبەی) خێزانم، بە گریانەوە گەڕایەوە، خێزانم حامیلە بوو، دوای ڕۆژێك لە لێدان بردیان بۆ (سەماوە)، لە وێ منداڵی بوو، دوو هەفتە منداڵەکەمان مابوو، دوای لەبرسا مرد، هەر ناومان نەنا, هەموو کات ئەمووت بڵێی خوا لەم جەهەنمە ڕزگارمان نەکات؟ دوای ماوەیەك نازانم چ ڕۆژێك بوو وتیان خەڵك بەر ئەدەن، کە نزیکەی (٦تا٧) مانگ لەوێ بووین، پیاوێك هات (٧٠٠) ناوی خوێندەوە لەو ناوانە ناوی خۆم‌و هەرسێ مناڵەکەم (سەلام – فکری- حەیات)ی تیابوو.

یەکەم قافڵە بووین دەریان کردین، خستمانیانە ناو سەیارەو بردیانینە چەمچەماڵ، دوایی خۆم ناوەکەم نقلْ کرد بۆ "صمود" (واتا رزگاری ئەمڕۆ)، هەر چەند هیچمان نەمابوو، چونکە لەو کاتەدا کە هاتنە سەرمان هەموویان برد, بەر لە ئەنفالەکە من خۆم بەشە ڕانم بوو، بەشە تراکتۆرم بوو...هتد، هیچی نەما, هاتینە سەر سفر، ووتیان لە صمود ئەرز ئەدەن بە ئەنفالکراوەکان, (رفعت حاجی مشیر) بەڕێوبەری ناحیەی (صمود) بوو لەو کاتەدا، ووتی ئەوەی ئەنفالە با ناو خۆی بنوسێ، بیدەنە بەر شەق، منیش لەگەڵ (حمە لاو) چووین بۆ ناونوسین، ئیتر وتم (حمە لاو) تا شەقمان نەخواردووە بابچین. دوای خوا حەقی ئێمەی لێ سەندو سوتاندی, تا ئێستاش بۆ کوڕەکانم ئەگریم، هەرچەندە خوا حەقی ئێمەی لە (صەدام حسین و علی حسن مجید) کردەوە، خۆیان کوژران‌و کوڕیان کوژرا, هەموو دنیام پێ بدەن شوێنی کوڕەکانم ناگرێتەوە، تا ئەمرم لە دڵم دەرناچن، هەر بیریان لێ ئەکەمەوە.)).[1]

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نوری غێدان حمد)، کفری، ٢٠١٠/١٠/٥.



**سێیەم: جواد ناوخاس.**




- جواد ناوخاس ئەحمەد لەدایکبووی ١/ ٧/ ١٩٣٥ .
- لەکاتی ئەنفالدا دانیشتووی گوندی (توکن) بووم .
- ئێستا دانیشتووی شاری کفریم .
- چوارده کەس لە ئەندامانی خێزانەکەم ئەنفالکراوە، بەم ناوانە:

١- فاتیمە ئیبرایم ی خێزانم

٢- حبیبە نوری زۆراب ی خێزانم

٣- هێمن جواد ناوخاس

٤- سیروان جواد ناوخاس

٥- فاتیح جواد ناوخاس

٦- هاشم جواد ناوخاس

٧- دلێر جواد ناوخاس

٨- ئەنوەر جواد ناوخاس

٩- نجیبەجواد ناوخاس

١٠- دلیان جواد ناوخاس

١١- عەمبەر جواد ناوخاس

١٢- تاوس فاتیح جواد

١٣- بەناز فاتیح جواد

١٤- هەڤاڵ فاتیح جواد

ماڵی فوئادی برامیش ١٢ سەر خێزان بوون، هەموویان ئەنفالکران.

((پێش ئەنفال ماڵمان لە گوندی (توکن)بوو، ژیانمان خراپ نەبوو، ئیش‌وکاری ڕۆژنانەی خۆمان ئەکرد، (مانگی چواری ١٩٨٨)بوو، لە گوندەکەدا حکومەت‌و جاش پروپاگەندەیان بلاۆکردەوە لە ناوماندا، گوایە خانوو ماڵمان لە ناوچەی (جنوب) بۆ دروست دەکەن، ئەویش سیاسەتێك بوو تا ئێمە بڕوایان پێ بکەین‌و خۆمان بە دەستەوە بدەین، خەڵکی گوندەکە لە فەقیری‌و خۆش باوەڕی دا ، باوەڕمان پیان کردو خۆمان تەسلیم کرد، بە سیاسەت هاوردمانیان بۆ (ملە سورە)، خەڵکێکی زۆریان لەوێ کۆکردبووەوە، دوای بردمانیان بۆ(جەلەولا)، ئینجا بۆ (تۆپ زاوە)، کە گەیشتینە (**تۆپ زاوە)، جوندییەکان هەر بۆ خۆشی دایان لە (حاجی عمر)و چەند کەسێکی ترو کوشتنیان، دوایی هەموومانیان لە



یەك جیاکردوە (ژن‌و کچ) بە جیا، (پیاوو کوڕ)یش بە جیا، ئینجا ئەو گەنجانەی (هارب) بوون جیاکرانەوە، نەمانزانی بۆ کوێیان ئەبەن، دوایی ئێمەیان برد بۆ (بەغداد)، لەوێشەوە براینە (نوگرە سەلمان)، نازانم چ ڕۆژێك بوو، بەس سەعات (٣,٣٠) ئێوارە گەیشتینە (نوگرە سەلمان), (نوگرە سەلمان) بوو بە دۆزەخ هیچمان نەبوو، نە خواردن‌و نە خواردنەوە, نە خەوتن‌و نە خۆشۆردن، داخ لەوەدابوو هیچ دەسەلاتێکمان نەبوو، هیچمان پێ نەدەکرا, هەموومان نەخۆش‌و داخ لە دڵو بێ دەسەلات بووین, قاوشەکانی خەوتن دەم لەناو دەم بوون، (شەش) مانگ نەمزانیە نێرم، لە حاڵەتێکدا بووین هەر ئەتوت قیامەتە, لە (نوگرە سەلمان) پیاوێکی پیسی عەرەبمان لێ پەیدابوو کە دەسەلاتی بەدەستەوە بوو ، بەس مرۆڤ نەبوو! ناوی (حەجاج"*عەجاج") بوو، (حەجاج"عەجاج") واتا باوتۆز)! ئەم (حەجاجە چی پیاوی بکوشتایەو چی ئاوی بخواردایەتەوە وەك یەك وا بوو لای )، زۆر زاڵم بوو، شتی وای ئەکرد هەر باس نەکرێ، بە بەرچاوی خۆمەوە (مام حفدی و شێخ صالح کە خەڵکی (سماق)بوو، لەگەڵ عباس محمود نەخۆش کە ئەویش خەڵکی وەلی هەیەر بوو )بە دار لێیانی دا تا کوشتن.

شەوانیش ئەهات، چی کچی جوان بوو بۆ خۆی دەیبرد، شەرەفمانی شکاند خوا شەرفی بشکێنێ. پیاوی وابوو ڕووتی ئەکردەوەو بوتڵی ئەبەستە (گون)یەوەو ئەیبەستە عاموودەکەوەو لێی ئەدا تا ئەمرد, ڕۆژانە (٢٧ تا ٢٨)کەسمان لێ ئەمرد! ئێمەش ئەمان برد تۆزێ خۆڵمان بەسەریا دەکرد، ئێمە نە ئەگەشتینە جێگای خۆمان سەگە ڕەش ئەیخواد,

شتی وامان بەسەر هاتووە بەسەر هیچ کەسێك نەهاتووە، من زۆربەیم ئێستا لە بیر نیە تاکو بۆتان باس بکەم, دوای شەش مانگ لە(نوگرە سەلمان) بەردراینو هاوردمانیانە (سەماوە)، (دوو و سێ ڕۆژ) لە (سەماوە) ماینەوە، دوایی دووبارە بۆ (تۆپ زاوە)، ئینجا لەوێوە بەرەلاکراین بۆ شوێنەکانی خۆمان, کە هاتینەوە هیچمان نەمابوو، نە ماڵ، نە منداڵ. ئینجا دەستم کرد بەگەڕان بە
دوای منداڵەکانم، خۆم چوومە (هەولێر)، وتیان گوایە منداڵەکانم لەوێن، بەس هەموو شتێ درۆ بوو، تاکو ئێستاش چارەنوسی منداڵەکانم نادیارە، هەر بیریان لێ ئەکەمەوە خەریکە شێت ئەبم بۆیان , هەرچەندە پەنجەیەکی منداڵەکانم بە هەموو دنیا نادەم، بەس داواکارم لە حکومەت زیاتر گرنگیمان پێ بدا، شتێکمان بۆ بکات تا ئیدارەی پێ بکەین، چونکە ئەگەر (١٠ ئەنفالت بێت یان یەك ئەنفال یەك موچەت پێ ئەدا)، ئەمەیش مانای وایە ئەو ١٠ کەسە بەرامبەر یەك کەسە ئەمە چۆن ئەبێ))؟![1]

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (جواد ناوخاس ئەحمەد)، کفری، شەوی ٥و٦/١٠/٢٠١٠.
** هەندێکیان بە (تۆپ زاوا) ناوی دەبەنو هەندێکی تریشیان بە (تۆپ زاوە).
* هەندێ کەس بە(حەجاج) ناوی دەبەنو هەندێکی تریش بە (عەجاج) ناوی دەبەن.



## چوارەم: شنۆ علی ڕەزا.




- شنۆ عەلی ڕەزا جەبار ، لەدایکبووی ١/ ٧/ ١٩٦٣ .
- لەکاتی ئەنفالدا دانیشتووی گوندی ( گەرمك ) بووم .
- ئێستا دانیشتووی شاری کفریم.

هەر چەندە هیچ کەس لە ئەندامانی خێزانم ئەنفال نەکراوە، بەلام هەموو ئەنفال کراوەکان بە کەسی خۆم ئەزانم.

((ئێمە خەڵکی دێکە نەبووین، خۆمان دانشتوی (کەلاری کۆن بووین)، بەلام لەبەر ئەوەی ماڵە پێشمەرگە بووین، ساڵی (١٩٨٢) ڕوومان کردە دێهاتەکان، چونکە نەمان دەتوانی لە شارەکان دانیشین، بۆیە ڕوومان کردە دێی (گەرمك)، لە ساڵی (١٩٨٨) لە مانگی (٤) بەلام ڕۆژەکە بە تەواوەتی نازانم چەند بوو, دوای نیوەڕۆ بوو گەنجێکی دێکەمان خۆی کرد

به حەوشەکەداو ووتی ئەرێ چەکتان هەیە لە ماڵ؟ تەمەنی دەور (١٨) ساڵ ئەبوو، ناوی (نادر نوری)بوو، منیش ووتم بۆ چیتە؟ ووتی جێش‌و حکومەت خەریکە ئەگاتە (وارانی)، چونکە وارانی لە (گەرمك)ەوە نزیك بوو.

بەلاّم ئێمەش نەمانزانی وەزعی کوردستان بەتایبەتی وەزعی دێهاتەکان باش نیەو خەریکە ئەکەوێتە ژێر ئابلۆقەی ڕژێمی بەعسەوە، منیش لە وەلاّمدا ووتم چەکمان نیە، ئەویش ڕۆشت، بەلاّم کاتێك دەرچوومە دەرەوە سەیرێکی ناو دێکەم کرد، بینیم بەتەواوی شڵەژاوە، منیش بۆیە بەخێرایی چەند پارچە جلێك کە پێویستی هەردوو منداڵەکەم بوو کردە ناوی جانتایەکی بچووك, یەکێکیان کچ بوو ناوی (مژدە)بوو، ئەو کاتە تەمەنی چوار ساڵ بوو، چونکە لە دایك بووی (١٩٨٤)بوو، بەلاّم کوڕەکەم تەمەنی (٨ مانگ )بوو بە ناوی (هەڵگورد).

خۆمانمان کۆکردەوەو کەوتینە ڕێ و دێکەمان بە جێ هێشت، بەلاّم وامان ئەزانی چەند کاتژمێرێکەو ئەگەڕێینەوە، بەلاّم بۆ یەکجاری بەجێمان هێشت‌و نەگەڕاینەوە، کەوتینە ڕێ بەرو (کۆشك)، باوکی منداڵەکانم لەگەڵ نەبوو، چونکە پێشمەرگە بوو، (سێ) مانگ بوو نەمان دیبوو، لەبەرئەوەی ئەو لەسەرکردایەتی بو و پارێزگاری سەرکردایەتیانی دەکرد، لەو کاتەدا ڕێگایان لێ گیرابوو، چونکە لێشاوی حکومەتی بەعس هەموو لایەکی گرتبوو, بەلاّم پێشمەرگەکانی سۆسیالیست چەند پێشمەرگەیەکیان لە ڕێگا خۆیان گەیاندە لای ئێمە، یەکێکیان (فەغردین موشیر) بوو، مامی منداڵەکانم بوو، ئێمە لەگەڵ منداڵ و خێزانەکەی





ئەودا بووین، گەیشتینە کۆشك‌و چووینە ماڵی کاك ( تالیب فغرالدین)، ئەویش پێشمەرگەی حزبی سوسیالیست بوو، خزم وناسیاوی خۆمان بوو، بەتایبەتی خێزانەکەی خزمی نزیکمان بوو، ناوی (منیرە عزیز)بوو، ئەویش (٣)کوڕی هەبوو بەناوی(سەرمەست و ئامانج و دلێر) منداڵ بوون، گەورەکەیان تەمەنی (١٠) ساڵ بوو, بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ماینەوە لە (کۆشك)، کۆپتەرەکانی بەعس بە دوامانەوەبوو (قەصفی) دێیەکەیان ئەکرد، ئێمە هەواڵمان پێ گەیشت کەوا هێزەکانی پێشمەرگە داویانە لە حکومەت‌و شکاندویانن، ئێمە زۆرمان پێ خۆش بوو، کاتژمێر (٩و١٠) شەو بوو (کاك عوسمان حاجی محمود) دای لە دەرگا لەگەڵ پێشمەرگەکان، ماڵ بە ماڵ بەدوای فیشەکدا دەگەڕان بۆئەوەی شەڕی پێ بکەن لەگەڵ حکومەت، بەلاّم بەداخەوە هیچ چەك‌و فیشەکێك نەبوو پێیان بدەن، ووتم (کاك عوسمان) هەواڵی سەرکەوتنمان بیستوە کەوا حکومەتتان شکاندوە، ووتی بەلێ ڕاستە، بەلاّم لەبەر ئەوەی ماوەکە زۆر کەم بوو بۆ وەستانی پێشمەرگەکان (کاك عوسمان) خواحافیزی کردو ڕۆیشت‌و نەهاتە ژوورەوە، هەر لە دەرگا پرسیاری کردو ڕۆیشت.

بەیانی کە سەیرمان کرد پێشمەرگەو بیندارێکی زۆر لە یەکێك لە ماڵەکان دانرابوون، (دکتۆر جاسم) کە خۆی ماڵی لە (کۆشك) بوو خەریکی تەداوی کردنی بریندارەکان بوو, هەواڵی باوکی منداڵکانم بیست کەوا لەگەڵ ئەو هێزە پێشمەرگەیەیە کە هاتووە بۆ(کۆشك)، ناردم بەدوایدا کە بێت بمان بینێت، چونکە(٣) مانگ بوو (مژدەو هەڵگورد)ی نەبینی بوو، ئەو کاتەش نەهاتەوەو نەمان بینی، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا





ڕۆیشت بۆ ناو (داویَ). له (کوشك) خۆمان بیَ نه‌گیرا، چونکه وتیان سبه‌ینیَ حکومه‌ت به‌ره‌و (کۆشك)ئه‌که‌ویَته ڕیَ، ئیَمه‌ش بۆ شه‌و که‌وتینه ڕیَو ڕۆیشتین به‌ره‌و دیَی (که‌ریم باسام)، به‌لاَم تا گه‌یشتینه ئه‌ویَ ڕۆژ بووه‌وه، که گه‌یشتینه ئه‌ویَ خه‌لَکی دیَکه زۆر که‌میان مابوون له‌دی، کاتیَ سه‌یرمان کرد هیَزی پیَشمه‌رگه له‌ویَ هه‌یه، له‌گه‌لَ چه‌ند عائیله‌یه‌کی پیَشمه‌رگه له‌دیَکه، (شیَخ که‌ریم)له‌گه‌لَ پیَشمه‌رگه‌یه‌ك ،(حمه دوزی)و چه‌ند پیَشمه‌رگه‌یه‌ك، هه‌روه‌ها ئیَمه‌ش چه‌ند پیَشمه‌رگه‌یه‌کمان له‌گه‌لَ بوو ,له به‌ر ئه‌وه‌ی (که‌ریم باسام ) واتا دیَکه به‌رز بوو، دیَکانی ترمان لیَوه دیار بوو، هیَزه‌کانی حکومه‌ت خه‌ریك بوو له دیَکه‌وه نزیك ئه‌بوونه‌وه، بۆیه پیَشمه‌رگه‌کان ووتیان زوو بچنه ناو بنکه‌کانه‌وه، ئیَمه‌ش به په‌له خۆمان گه‌یانده بنکه‌یه‌ك، له‌به‌ر زۆری خه‌لَکه‌که ناو بنکه‌که‌ی گه‌رم کردو ته‌نگه نه‌فه‌س بووین، (شیَخ که‌ریم) له‌به‌رده‌م کونی بنکه‌که وه‌ستابوو، کاتیَکمان زانی حکومه‌ت ده‌ستی کرد به تۆپ بارانی شویَنه‌که‌مان، تۆپیَکی لیَمان گرت، له نزیك بنکه‌که ته‌قیه‌وه، هه‌موو خۆلَو تۆزو ده‌نگی تۆپه‌که هاته ناو بنکه‌که‌وه، هه‌تاکو (شیَخ کریم)ی هاویشته ناو بنکه‌که‌وه. به‌لاَم زۆر وه‌زعی ئه‌و خه‌لَکه‌ی بیَ ناخۆش بوو، کاتیَ سه‌یری ئه‌و هه‌موو منداڵ و ئافره‌تانه‌ی ده‌کرد چاوی پڕ ئه‌بوو له فرمیَسك.

به هه‌ر شیَوه‌یه‌ك بیَت تا ئیَواره خۆمانمان گرت، که ئیَواره هات به خیَرایی دیَکه‌مان به‌جیَ هیَشت، چونکه حکومه‌ت ده‌ستی کرد به قه‌سفی دیَکه‌و ده‌وروبه‌ری، بۆیه دیَکه‌مان به‌جیَ هیَشتو به‌ره‌و شویَنیَکی نادیار



که‌تینه ڕیَ. ماوه‌یه‌ك ڕیَمان کرد، زۆر ماندو بوومو نه‌م توانی (هه‌لَگورد)ی کوڕم هه‌لَبگرم، بڕیارمدا فڕیَی بده‌مو به جیَی بهیَلَم، به‌لاَم مامی نه‌یهیَشت، هه‌ر چه‌نده ئه‌وانیش منالَیان زۆر پیَ بوو، حه‌وت مندالَیان هه‌بوو (دلیَرو شیلانو شۆڕشو هیَمنو شه‌ونمو سواره‌و ئاوات).

له‌و کاته‌دا مه‌کینه‌و عه‌ربانه‌یه‌ك له‌و لاوه هاتو وه‌ستانمان، ووتی بۆ کویَ ئه‌ڕۆن؟ ووتمان نازانین، به‌لاَم زۆر شتی تیابوو، زۆر تکامان لیَکرد بۆ ئه‌وه‌ی هه‌لَمان بگریَ، باش بوو هه‌لَیگرتین تا دیَی (قولی جان )، له‌ویَ دایگرتین، دیَکه که‌سی لیَ نه‌مابوو، مالَ و حالَیان به جیَهیَشتبوو که‌سی لیَ نه‌مابوو، هه‌ندیَ مریشك و قه‌ل و که‌رویَشکه‌کانیان به جیَ مابوو، ئیَمه‌ش ده‌ستمانکرد به کۆکردنه‌وه‌ی هیَلکه‌و نان خواردن له دیَکه، چونکه زۆر برسیمان بوو، له‌دیَکه نانمان دروستکردو خواردمان، هه‌والَمان بیست که سبه‌ی حکومه‌ت دیَت بۆ ئه‌م دیَیه‌و نزیك بووه‌ته‌وه.

بۆیه به‌یانی زوو دیَکه‌مان جیَهیَشت، پاش چه‌ند سه‌عاتیَك دوور له دیَکه که‌وتینه‌وه، خۆمان داوه پالَ شاخیَك، هه‌ر چه‌نده‌مان کرد نه‌مان توانی خۆمان بشارینه‌وه، چونکه چه‌ند خیَزانیَك بووینو مندالَمان زۆر پیَبوو، بۆیه ناچاربووین شویَنه‌که به‌جیَ بهیَلَین، چونکه ده‌نگی (کۆپته‌ره‌کان) ده‌گه‌یشته لامان. بۆیه پیَشمه‌رگه‌کان وتیان ئه‌بیَ سه‌رکه‌وینو بچین بۆ (ڕه‌مان)و له‌ویَ (که‌لَوه‌ز)یَك هه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی منداڵو ئافره‌ته‌کان خۆیان بشارنه‌وه، بڕیارماندا سه‌رکه‌وین به‌سه‌ر شاخه‌که‌دا، هه‌رچه‌نده شاخه‌که زۆر به‌رز نه‌بوو. ووتیان ئه‌بیَ هه‌ر جاریَ یه‌کیَك سه‌رکه‌ویَت، نه‌وا کۆپته‌ره‌کان بمان بینن، بۆیه هه‌ر جاره‌و یه‌کیَك سه‌ر

دەکەوت، چونکە (کەڵوەزە)کە لەو دیوی شاخەکەوە بوو، تا گەیشتە سرەی من، منیش هەردوو منداڵەکەم بردو سەرکەوتم، کە گەیشتمە نیوەی شاخەکە کۆپتەرەیکمان لێ پەیدا بوو، هەر ئەوەندەم پێ کرا خۆم دایە بان هەردوو منداڵەکەمداو چرکەم لە خۆم بڕی بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك، باش بوو کۆپتەرەکان نەمانیان بینیو پشتی لێمان کردو ڕۆیشت، لە ترسا هێزم تیا نەما، هەتا وەکو یەکێك لە پێشمەرگەکان ڕایان کردو کردیانە هەردوو منداڵەکانماو بە خێرایی سەرکەوتینو کەوتینە ڕێ و بەدوای یەکدا تا گەیشتینە (کەڵۆز)ە، شوێنێکی زۆر باش بوو، خۆمان تیادا حەشاردا، دوا نیوەڕۆ دوبارە کۆپتەرەکانمان لێ پەیدا بووەوە، زۆر نزیك بوون لێمانەوە، لەبەر ئەوەی لە بانی (کەڵوز)ەکەوە بوو، نەمانی بینی، ئێمە هەستمان بە پەروانەکانی کرد، پێشمەرگەکان بڕیاریاندا تەقەی لێ بکەن، ئێمە زۆر تکامان لێیان کرد بۆ ئەوەی تەقە نەکەن، چونکە ئەبووە هۆی فەوتانمان. خۆمان ڕاگرت هەتاکو دەمەو ئێوارەو دەرچووین لە (کەڵوز)ەکەو کەوتینە ڕێ بۆ (بەکرە گەورە)، دوریش کەوتینەوە بەلاَم هەر دەنگی کۆپتەرەکان ئەگیشتە لامان، لە ڕێگا پێشمەرگەیەکمان بینی ناوی (هیوا رەمەزان) بوو ئەماناسی، زۆر بەشێوەیەکی پەشۆکاوو ڕووخاو دیار بوو، لێمان پرسی بۆ کوێ دەڕۆی؟ ووتی بەدوای منداڵەکانم و خوشکەکانم دەگەڕێم، ووتمان وەرە با بڕۆین، لەگەڵمان باش بوو، بەقسەمانی کردو کەوتە ڕێ، ڕۆیشتین تا گەیشینە (بەکرە گەورە)، چووینە ناو دێکەوە سەیرمان کرد کەسی تیا نەماوە، بەدوای ئازوخەو شتێکدا دەگەڕاین بۆ ئەوەی بیخۆین، مریشکی زۆری لێبوو ، (٤) مریشکمان سەربڕیو نزیکەی (٤٠) هێلکەیەکمان



کولاَن بۆ ڕێگا، تەشتێ هەویریشمان کرد، چونکە هیچمان پێ نەمابوو، کاتێ ویستمان بیکەین بە نان حکومەت لە دوورەوە دەستی کرد بە قەسف کردنی دێکە، ئێمەش بە خێرایی ئاگرەکەمان کوژاندەوە,(١٠-١٢) پێشمەرگەیەك لە دێکەدا هەبوون، نەیانمان ناسی، لەگەڵ ئێمە بڕیاریاندا دێکە بەجێ بهێڵن. چونکە حکومەتی بەعس بە دوامانەوە بوو، دێ بە دێ، هەم بەرەو شوێنێکی نادیار کەوتینە ڕی, زۆرجار ئەترساین بکەوینە ناو هێزی حکومەتەوە. بۆیە زۆر بەبێ دەنگی دەڕۆیشتین، زۆر لە دێکەوە دوورکەوتینەوە.

کاتێ گوێمان گرت دەنگی خەڵك ئەهات، وامان زانی جاشن، بەلاَم خۆمان شاردەوە لێیان، شەوەکەی زۆر تاریك بوو، کاتێ سەیرمان کرد خەڵکێکی زۆرن لە منالَ و ژن و پیرە پیاوی بە تەمەن، کاتێ پرسیارمان کرد بۆ کوێ دەچن؟ وتیان ئەچین بۆ ناو (داوێ). ئێمەش ووتمان حکومەتی لێیەو هەمووی گیراوە، ئەوان مەکینەو عەرەبانەیان پێ بوو، پێشمەرگەکان ووتیان مادام مەکینەتان پێیە منداڵەکانی ئێمەش هەڵبگرن، ووتیان باشە، ئێمەیان خستە ناو مەکینەو خۆیان ڕۆیشتن، وتیان ئێمە تەسلیمی حکومەت نابین، بۆیە نازانین ئەو هەموو خەڵکە ڕووی کردە لە حکومەت مەصیری چیە.

ڕۆیشتین تا ڕۆژەوە بوو، چەند جار شوێنەکەمان ون دەکرد، دوای ئەمان دۆزیەوە ، دێ بە دێ بەرەو (قادر کەرەم) کەوتینە ڕێ، دێکان هەمووی سووتا بوو، گڕی گرتبوو، هەتاکو گەیشتینە (قادر کەرەم)، لە (قادر کەرەم) ئێمەیان داگرد، نەمان ئەزانی بۆ کوێ بچین، لە (سەماعە) بانگی

دەکرد ئەو ماڵانەی کە لە لادێکەیانەوە هاتوون با بچن بۆ (مەرکەز شەباب)ەکە. لەسەر جادەکە وەستابووین (بەرازیلیەکی سور) بۆمان وەستا، وتمان هەڵمان بگرە، باش بوو هەڵمانی گرت، (٣ ژن و ١٢ منداڵ بووین )، ووتی ( رفعت گلی) لێرەیە رئیس فرسانە، زۆر پیاوی باشە بۆ ناچن بۆ لای؟ ئێمەش ووتمان ماڵەکەمان پێ نیشان بدە، وتی لە ماڵ پیاوێکە ناوی ( تەیب سالحە)، بردمانی بۆ ئەو ماڵە کە (رفعتی)لێ بوو، لە دەرگاماندا و کردیانەوە، ووتمان کاك (رفعت) لێرەیە؟ ووتی بەڵێ، ووتمان بانگی بکە بۆمان، چوو بانگی کرد، هاتە بەر دەرگا، ووتمان ئێمە لە لادێکانەوە هاتووین و پیاومان پێشمەرگەیە چی بکەین؟ پاشان ووتی بۆ کوێ ئەتانەوێ بچن؟ ووتمان بۆ (خورماتوو)، ووتی وەرنە ژوورەوە جارێ نان بخۆن، چووینە ژوورەوە، ماڵەکە زۆر ڕێزی لێمان گرد، هەر چەندە نەمان ناسین. نانیان بۆمان دانا لە هەموو بابەتێ، چەند ڕۆژ بوو نانی وا باشمان نەخوارد بوو، دوای نان خوارد دوان لە منداڵەکانمان (مژدە و هێمن) نانی سەر سفرەکەیان هەڵگرت تا بیخەنە ناو جانتاکانەوە قایمی بکەن، وایان دەزانی هەر بە ڕێگەوە دەبین. سەعات دەوری (٢)ی پاش نیوەڕۆ کاك (رفعت گلی) سەیارەی بۆمان دەرکردو حیمایەیەکشی لەگەڵمان نارد بۆ ئەوەی لە سەیتەرەکان نەمان گرن. تا گەیشتینە ناو (خورماتوو)، هەر سێ خێزانەکە ماڵی باوکمان لە(خورماتوو)بوو، هەریەکەو چووینە ماڵ باوکمان، بەڵام نەمتوانی لەوێ بمێنینەوە، چونکە حکومەت تەفتیشی ئەکرد، هەر کەسێ لەوێ ببوایە ئەیگرت. بۆیە من و منداڵەکانم ڕوومان کردە (بغداد)،ماڵی خزمێکمان لەوێ بوو، خۆم



شاردەوە، تا (صدام حسین)دوای ئەوەی زانی خەڵکێکی کەم ماوە، (عفو عامی)دەرکردو وتی هەر کەسێك بگەڕێتەوە بۆ لای حکومەت ئازاد دەبێت، ئەو کاتە ئێمەش گەڕاینەوە بۆ (خورماتوو)، هەر چەندە ئێمە لە دەستی(مەرگ) ڕامان کردو ڕزگارمان بوو، بەڵام تا ئێستا خەفت ئەخۆمو هەموو ڕۆژێکم مردنێکە. چونکە زۆرێك لە خەڵکی دێکەمان حکومەت ئەنفالی کرد، تا ئێستا بە یادی ئەوانەوە ئەژیم و قەت لە بیرم ناچن)).[1]

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شنۆ عەلی ڕەزا)، کفری، ٢٠١١/٣/٤

## پێنجەم: ئامینە وەلی غێدان.





- ئامینە وەلی غێدان ، لەدایکبووی ١/ ١/ ١٩٦١ .
- لەکاتی ئەنفالدا دانیشتووی گوندی (زنانە) بووم .
- ئێستا دانیشتووی شاری کفریم.
- دوو کەس لەئەندامانی خێزانەکەم ئەنفالکراوە بەم ناوانە:

١- کامیل وەلی غێدان

٢- نەشمیل وەلی غێدان

لەگەڵ نزیکەی ٢٥ کەس لەمام و ئامۆزا و میمکم و میمزا ئەنفالکراون.

((ئێمە ماڵمان لە گوندی (زنانەی خواروو) بوو، پێ ئەڵێن زنانەی گەورە، ژیانمان وەك ژیانی ئاسایی گوندەکانی تری ناو (داوێ) بوو،



خەریکی شتوکاڵو ئاژەڵداری بووین، ماڵی باوکم و براکانم دانەوێڵەیان چاند بوو، مەڕو ماڵاتمان هەبوو، ڕۆژکەم لەبیر نیە بەس بەهار بوو مانگی(٤/١٩٨٨ز) ناو گوند قسەیەك بڵاوکرایەوە کە هەر ماڵێك بڕوا بۆ لای حکومەت خانووی بۆ دروست ئەکات لە (خوارووی عێراق)[1] و هەموو شتێکی پێ ئەداو هەر چی بوێ بۆی ئەکا. ئێمەیش بڕوامان کردو ماڵ و گوندمان جێ هێشت بەپێ ی خۆمان هاتینە خوارو گەیشتینە نزیك گوندی (قوڕی چای) لە سەر جادەی (کفری _خورماتوو)سوپاو جاشی لەوێ بوون، ئەوەنەمان زانی سەیارەیەکی پیکاب هات، ئێمەیان سوار کردو هاوردمانیان بۆ (قاعەکەی کفری)،کە ئێمە چووین پڕبوو لە خەڵکی تر، ئەو نیوەڕۆیە لەوێ نانمان خوارد، خواردنەکەش تۆزێ سەموون بوو، بانگی عەسریدا سەیارەی کۆستەریان هاورد، ئەوەی لەوێ بوو سواریان کرد، بردمانیان بۆ (قۆرەتوو)، هەر ئەو ڕۆژە گەیشتینە (قۆرەتوو) لەوێ خێمەیەکی زۆریان هەڵدابوو بۆ مان. دوو شەو ماینەوە لە ناو ئەو خێمانە، ژن و پیاوو منداڵ بە یەکەوە بووینو جیا نەکرابووینەوە، خورادنمان کەمێ نیسكو سەموون بوو، دوای ئەو دوو شەو و سێ ڕۆژە ئینجا سەیارەی درێژ(منشە)یان هێنا، هەم هەموومانیان سوار کرد بۆ (تۆپ زاوە)، سەعات (١٠) شەو گەیشتینە (تۆپ زاوا)، بارانێکی زۆر ئەباری، ئەو ناوە هەمووی قوڕ و قوڕاو بوو، هەر دابەزیمان دەستیان کرد بە جیاکردنەوەی پیاوو کوڕەکان لێمان، بە لێدان بە کێبڵ و تفەنگ، پیاوی وابوو هەر لەوێ مرد. ئەتووت ڕۆژی حەشرە، ئینجا زانیمان حکومەت درۆی لەگەڵمان کردووە، دوو شەویش لە (تۆپ زاوا) ماینەوە، ئەتووت

[1] خوارووی عێراق مەبەستیان ناوچەکانی (نەجەف و کەربەلا و بەسرە و عەمارەوکوت.... هتد) نەگرێتەوە.

جەهەنمە، زۆر پیسو ناخوش بوو، لەو دوو شەوە دووجار پیاوەکانمان لە دوورەوە بینی. لەوێ دەستیان کرد بە جیاکردنەوەی گەنجەکان لە پیرەکان، خۆم و دایکم لەوێ لە یەکتر جیاکراینەوە، بە زۆر خۆم دەستی دایکم گرتبوو، بەو خوا وا من و تۆی دروست کردووە یەکێ لە عسکەرەکان کێبلیکی دا بە دەستما وەخت بوو بمرم، دایکمم هەر لە بیر نەما. بەخوا منداڵیان بە باوشی دایکیەوە بە کێبڵ دائەگرد. ئێمەش بەس هاوارمان ئەکردو ئەگریان لە بێ دەسەلاٌتیدا.

دوای جیاکردنەوەمان، سەیارەی درێژ واپێ ی ئەڵێن (منشئە) هێنایان هەموومانیان سوارکرد، هەموو سەیارەکان مقەپەت بوو، ئەتووت قەبرە، هیچمان لێوە دیار نەبوو، شەوەکەی گەیشتینە (دوبز)، بردمانیان بۆ قاعەیەکی زۆر گەورە، زۆر پیسو زۆر ناخوش زۆریش ترسناك بوو، خەریك بوو لە ترسا ئەمردم، ئەو شەوە لە ترس و دەنگی گریان و دەنگی سەگ خەومان لێنەکەوت، هەر چونێك بوو ڕۆژمان کردەوە.

ئینجا کراین بە سێ بەشەوە، هەر بەشێك حەرەسی تایبەتی هەبوو، بەشێکمان لە خوارەوە بوو(عسکەر) حەرەسیان بوو، بەشەکەی ئێمەش لە ناوەڕاست بوو(جێش شەعبی)حەرسمان بوو، بەشێکی تریش لە خوارەوە بوو(قوە خاسە) حەرسیان بوو، بە خوا نە خواردنمان نە خەوتنمان نە خۆشردنمان وەك هی بەشەر بوو، "تخوا بیرم مەیەنەوە با باسی نەکەم"!! هەموومان پیس و نەخوش بووین، ڕۆژی وابوو (٥٠) کەس ئەمرد، مزگەوتێك تایبەت کرابوو بە شۆردنەوەی مردووەکان، هەمووومان چاوەڕێی مەرگ بووین، هەر یەکێ بە جۆرێك ئەمرد، هەبوو بە نەخۆشی، هەبوو لە برسا، هەبوو لە خەفەتا، دوای ماوەیەك هەم دەستیان کرد بە جیاکردنەوەمان، بڕێکمانیان برد بۆ (نوگرە سەلمان)، بڕێ گەنجیان بە جیا



برد تا ئێستا نازانین چیان لێهاتووە!! وەجبەکەی ئێمە ماینەوە، زۆربەی ژنەکان لە (دوبز) منداڵیان ئەبوو، هەندێکیان ئەمردن و هەندێکیان ئەمان. (هێرۆ)ی برازام باوکی ئەنفال کراوە، تا ئێستا چارەنووسی دیار نیە، ناوی(کامیل) بوو، ئێستا (هێرۆ) لای خۆمە. چونکە دایکی شوی کردە ناوی(نەشمیل)ە لە (دوبز) لە دایك بووە، لە سەر وەسێتی باوکی ناومان نا (هێرۆ). چونکە بە دایکی ووتبوو ئەگەر کوڕمان بوو، ناوی بنێ (ئارام)، ئەگەر کچ بوو ناوی بنێ (هێرۆ)، بیرمە ئەو ڕۆژەی (هێرۆ) لە دایك بوو، (حەوت) منداڵی تر لە دایك بوو، بە حالێکی خراپ بە خێو ئەکران. (شەش) مانگ لەو جەهەنمە ماینەوە، هەر دوو جەژنی (ڕەمەزان و قوربان)مان لەوێ کرد، هەر نەمانزانی جەژن چۆن چوو. چونکە هەموو ڕۆژێکمان تەعزێ بوو، ئەوەنەمانزانی ڕۆژێك بوو بە تەقەو هەراو، عسکەرەکان هاتن بۆ لامان ووتیان وەرن ئێوەش خۆشی بکەن. چونکە (سەید ڕەئیس) عفو عامی دەرکردە، ئێوەش بەر ئەدرێن، دوای ئەو ڕۆژە بەر دراین، کاتێ گەڕاینەوە هیچمان نەمابوو، تا ئێستاش ژیانم ناخوشە، هەر بیر لە براو خوشكو مامەکانم ئەکەمەوە کە ئەنفال کراون. تا ئێستاش نازانم بۆ ئەنفال کراین و ئەنفال چیە؟ بەس ئەڵێن ئەنفال هی جوولەکەیە!! دەربەدەری و خەفەتی ئەنفال هەموو ڕۆژێ ئەمرێنێ......))[2].

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئامین وەلی غێدان)، ٢٠١٠/١٠/٧.

## دەرئە نجام

لە دوایی تەواو بوونی لێکوڵینەوەکەم، گەیشتم بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

* چەمکی ئەنفال لە پێش هاتنی ئاینی ئیسلامیشدا لە ناو عەرەبدا بوونی هەبووە، دواتر وەکو سورەتێکی قورئان بۆ پێغەمبەر (د.خ) دابەزیوە، وە بەکارهێنانی لە لایەن بەعسەوە بۆ کلتورو داب و نەریتی عەرەب دەگەڕێتەوە نەك قورئانی پیرۆز.

* چەمکی جینۆساید بە مانای پاکتاو کردنی ڕەگەزی دێت، کە چوار جۆری سەرەکی هەیە، ئەوانیش( جینۆسایدی فیزیکی، جینۆسایدی بایۆلۆجی، جینۆسایدی کەلتوری، جینۆسایدی ئابووری). هەر بۆیە هەموو جۆرەکانی جینۆساید لە ئەنفالدا پەیڕەو کرا، لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەنفال جینۆسایدە.

* پەلامارەکانی ئەنفال بۆ سەر کوردستان لە هەشت قۆناغ پێکهات و شەش ناوچەی جیاوازی گردەوە، لە( ١٨/٢/١٩٨٨ز) دەستی پێکرد تا (٦/٩ /١٩٨٨ز)کۆتای هات، نزیکەی (٧) مانگی خایاندو تەواوی قۆناغەکانیش بووە هۆی وێرانکردنی ناوچەکە لە هەموو لایەکەوە.

* قۆناغی سێیەمی پەلامارەکانی ئەنفال لە هەموو ڕوویەکەوە کارەساتبارترین قۆناغەکانی ئەنفال بوو، لەم قۆناغدا ڕژێمی بەعس هەموو پلانێکی تایبەتی بۆ دانرابوو، وەك پلانی پەلاماردانو سەنتەری کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکان و کامپە تایبەتیەکان. ئەمەش بەهۆی هەندێك هۆکاری گرنگەوە، وەك هۆکاری (سیاسی و ئابووری و سنوری جوگرافیا و تۆبۆگرافیا)، ئەم هۆکارانە وای کرد ناوچەکە بە تەواوی تێك



بدرێتو زەرەرو زیانێکی گەورەی ماددیی‌و مەعنەوی پێ بگات، ئەم قۆناغەی ئەنفال زۆرترین مرۆڤی کوردی تێدا شەهید کرا.

* ڕژێمی بەعس بە هەر شێوەیەك بێتۆ لە ژێر هەر پلانێك بێ، ویستبووی تەواوی گەرمیانییەکان بگرێت، چ لە ڕێگەی بەڵێنەوە بوو بێت یان بە پەلاماردانی سەربازی، دواتر بەندیخانەی کردە ماڵی زۆرێك لە ئەنفالکراوەکانی گەرمیان، کە زۆرێکیان تێیدا شەهید بوونو زۆربەشیان چارەنووسیان تا ئێستا نادیارە، وە ئەوانەشی کە ڕزگاریان بووە بە هۆی هەڵسوکەوتی خراپی بەعسەوەو ئازاردانیان لە زیندانەکاندا تا ئێستاش بە هۆی چەندین نەخۆشی جەستەیی و دەروونییەوە دەناڵێنن.

## ڕاسپاردەکان

* زیاتر کردنی ڕۆژی یادکردەنەوەی ئەنفال لە یەك ڕژەوە بۆ سێ ڕۆژ، واتا تەنها ڕۆژی(١٤/٤)ی هەموو ساڵێك نەبێ، بەڵکو ڕۆژانی (١٤،١٥،١٦) بەردەوام بێت. چونکە پەلامارەکانی ئەنفال نزیکەی (٧) مانگی خایاندو تێیدا گەورەترین چەکی کۆمەڵکوژی بەکارهێنراوەو زۆرترین مرۆڤی بێ تاوانی کورد لەم پەلامارەدا شەهید کراوە.

* دانانی سەنتەرێکی ئەکادیمی تایبەت بە ئەنفال، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی ترو بە شیوەیەکی دروستتر زیاتر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەنفال بکرێت.

* زیاتر بایەخ بدرێت بە کەس‌وکاری ئەنفالکراوەکان‌و توێژینەوەی زیاتریان لە سەر بکرێت بۆ خستنەڕووی گرفت‌و نەخەشییە دەرونیەکانیان‌و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردیان.

* گەشت کردنی مەیدانی زیاتر بە ناو کەس‌وکاری ئەنفالکراوەکان، ئەمەش بە مەبەستی وەرگرتنی ناوی سەرجەم ئەنفالکراوەکان‌و دەست کەوتنی داتایەکی دروست لە سەر ژمارەی ئەنفال کراوەکان.

* دانانی بابەتێکی تایبەت بە ئەنفال لە هەموو خویندنگاو پەیمانگاو زانکۆکان، بۆ ئەوەی فێرخوازان زیاتر بزانن لەو پەلامارە دڕندانەیەی بەعس.



## پێشنیارەکان:

لە بەر ئەوەی پەلامارەکانی ئەنفال یەکێکە لە گەوەترین ڕووداوەکانی قڕکردنی نەتەوەی کورد لە مێژووی خۆی و بەرەی مرۆڤایەتیدا. ئەم پەلامارەش دژ بە هەموو بنەما ئایینیو کومەلآیەتییەکان‌و کۆمەڵگەی کوردەواری بوو، هەر بۆیە کاریگەری تەواوی لە سەر نەتەوەی کوردو کەس‌و کاری ئەنفالکراوەکان دروست کردووە لە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە، بە جۆرێك تا ئێستا کەس‌وکاری ئەنفالکراوەکان بە دەست چەندین نەخۆشی دەرونییەوە دەناڵێنن، بۆیە پێویستە گرنگی تایبەت بە کەس‌وکاری ئەنفالکراوەکان بدرێت لە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە، بەتایبەتی:

* پێویستە زیاتر کاربکرێت بۆ باشترکردنی لایەنی دەرونیو کۆمەلآیەتیو ئابووری کەس‌وکاری ئەنفالکراوەکان.

* گرنگی دان بەو گوندانەی کە بەر شالآوی ئەنفال کەوتوون، بە مەبەستی زیاتر ئاوەدان کردنەوەیان‌و دووبارە دەست پێکردنەوەی ژیان تێیاندا.

* کارکردنی زیاتر بۆ دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، بە گەڕان لە هەموو ناوچەکانی عێراق‌و بەمەبەستی هێنانەوەی ڕووفاتی پیرۆزی ئەنفالکراوەکان بۆ باوەشی نیشتیمان.

* زیاتر ناساندنی ئەنفال وەك جینۆساید لە هەموو جیهاندا.

## لیستی سەرچاوەکان

### *یەکەم کتێبە کوردیەکان


١- تاڵەبانی، ناهیدە،جاسم محمد محمد علی: ئەنفالی گـەرمیان و رەهەنـد دیموکراسـی و ئـابوری و کۆمەڵایەتیـەکان، چـاپی یەکـەم، چـاپخانەی وشـە، سلیمانی، ٢٠٠٢.

٢- جاسم محمد محمد علی: ئەنفالی گـەرمیان، چـاپی یەکـەم، چـاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٣- حسن بارام: بەشێك لە ئەنفالی گەرمیان، چـاپی یەکـەم، چـاپخانەی نەوروز، کەرکوك، ٢٠٠٧.

٤- حسین سۆران: ئەنفال لـە مەنفـەکانی ناسـیونالیزمەوە بـۆ کوشـتنی زمان و جەستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلیمانی، ٢٠٠٢.

٥- دزەیی، یوسف: ئەنفال.کارەسات و ئەنجام، رەهەندەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٠.

٦- دەرباز محمـد: کـەلار لـە لادێـوە بـۆ شـار، چـاپی دووەم، چـاپخانەی چوارچرا، سلیمانی، ٢٠١٠.

٧- ڕێکخراوی مـافی مـرۆڤ، خۆرهـەلاتی ناوراسـت: عێـراق و تـاوانی جینۆساید، شالاۆی ئەنفال دژی کورد، وەرگێڕانی، جەمال میرزا عەزیز، بـەرلین، ٢٠٠٢.

٨- زەمان عەبدە: مەرگەساتی ئـەنفال، بـەرگی یەکـەم، چـاپی یەکـەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٠.





٩- زوهێر کازم عەببود: دادگای ئەنفال، وەرگێڕانی،محمد گومەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

١٠- زیاد عەبدولڕەحمان: توونی مەرگ، چاپی دووەم،سلێمانی، ٢٠٠٤.

١١- ملا شاخی: ئەنفالی چوار لە دادگای بالاّی تاوانەکانی عێراق، چـاپی یەکەم، چاپخانەی نەورۆز.

١٢- شۆڕش حاجی ڕەسول: ئەنفال_کوردو دەوڵەتی عێـراق، چـاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٣- عەبدوڵلا کەریم محمود: ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، بـەرگی دووەم، چـاپی دووەم،

١٤- عەدالەت عومەر صالح: ئەنفالو ئافرەتی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

١٥- فەرید ئەسەسەرد: ئەتلەسی هەرێمی کوردسـتان ١٩١٤_٢٠٠٥، ب، چ. ب، س.

١٦- فەریدون عارف: لە سەربازەکان دەترسم، ناتوانم ڕاکەم، ٢٧٠٧کوردی.

١٧- فەرمان عبدالرحمان: پاکتاوی ڕەگەزی کورد لـە کوردسـتانی عێراقـدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٨- گەرمیانی، مـەلا تەحسـین، بیرەوەرییـەکانمو بەشـێك لـە تراژیـدیای ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٩- کەندی،عەلی: مێژوونامە، بەرگی یەکەم، چـاپی یەکـەم، چـاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.

٢٠- گـۆران شـێخ مسـتەفا: کاریگـەری ئابوورییـەکانی جینۆسـاید لـە گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێلّ، ٢٠١٠.

٢١- قوربانی، عارف: شایەتحاڵەکانی ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاسا، سلیمانی، ٢٠٠٢.

٢٢- محمد عمر عبدلعزیز: ئەنفالو ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلیمانی، ٢٠٠٥.

٢٣- عمر محمد: ئەنفالی گەرمیان، سیاسەتێكو دوو ئامانج، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێلّ، سلیمانی، ٢٠١٠.

٢٤- محمد نوری زوراب: سێ دیێ ئەنفالکراوی داوەدە لە کردەی ئەنفالدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەهەند، ٢٠٠٨.

٢٥- میهردادی ئیزەدی: چەردە باسێك لە بارەی کوردانەوە، وەرگێڕانی، شوان ئەمین، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٧.

٢٦- مەلا هاوار، هاوار عەباس: بەشێك لە حکایەتەکانی ئەنفالی سێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٢٧- هەلاج، صالح: چەردەیەکی مێژووی دەڤەری گەرمیان،چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، ٢٠١١.

٢٨- هێمن باقر عبدول و بەرهەم عمر عەبدولاّ، ئەنفالی سێ، کاریگەری لە سەر ژنی پاشماوەی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەوار، ٢٠٠٤.

٢٩- ووچ،مێدل ئیست: جینۆساید لە عێراق دا پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی،محمد حمە سالح توفیق، چاپخانەی تیشك، سلیمانی، ٢٠٠٤.

٣٠- یوست هێڵتەرمان: کارێکی ژەهراوی، ئەمەریکاو عێراقو گاز بارانی هەڵەبجە، وەرگێڕانی، محمد حمە سالح تۆفیق، کۆمپانیای ئاوێنە بۆ چاپ و بلاّوکردنەوە، ٢٠٠٨.



**دووەم : کتێبە عەرەبیەکان.**

١- عنترة بن شداد: الديوان عنتر بن شداد.

**سێیەم گوڤارەکان.**

١- ئەنفال، ژمارە (٢)، سالّی دووەم، ٢٠٠١، گۆڤارێکی لێکۆڵینەوەو دۆکیومێنتی یە، وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال دەری دەکات.

٢- ئەنفال، ژمارە (٣)، سالّی سێهەم، ٢٠٠٣، گۆڤارێکی لێکۆڵینەوەو دۆکیومینتی یە، وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال دەری دەکات.

٣- ئەنفال، ژمارە (٥)، گۆڤارێکی لێکۆڵینەوەو دۆکیومینتی یە، وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال دەری دەکات.

٤- ڕەهەند، ژمارە (٧) سالّی ١٩٩٩، گۆڤارێکی تیوری، کلتوری، ڕاڤەکردن، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوی کوردی بلاّوی دەکاتەوە.

٥- سەروەری، ژمارە ( ١٧)، سالّی ٢٠٠٦، وەرزنامەیەکی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی بەعسو سەروەرییەکانی گەلی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان دەریدەکات.

٦- عەرعەر، ژمارە (٤)، سالّی چوارەم، ٢٠٠٩،

٧- مێژوو، ژمارە (١٤)، سالّی چوارەم، بەهاری ٢٠١٠، گۆڤارێکی مێژوویی وەرزییە، کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی مێژوویی کوردستان دەریدەکات.

٨- هەشتاوهەشت، ژمارە (١٥)، سالّی سێیەم، بەهاری ٢٠٠٩، وەرزە گۆڤارێکی روناکبیرییە، تایبەتە بەجینۆسایدی گەلی کوردستان.

## چوارەم بەڵگەنامەکان.

١- بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق

* پێنجەم نەخشەکان.

١- سهیل خورشید عزیز : نەخشەی پاکتاوی ڕەگەزی لە ناوچەی گەرمیان، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

## پێنجەم: چاوپێکەوتنەکان.

١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئامینە وەلی غێدان)، کفری، ٧/١٠/٢٠١٠.

٢- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (جەمال جەلال جەوهەر) ،رزگاری، ٤/٥/٢٠١١.

٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (جواد ناوخاس ئەحمەد)، کفری، شەوی ٥/٦/١٠/٢٠١٠.

٤- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (سالارمحمود)، کەلار، ١٤/١/,٢٠١١

٥- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (سمکو سابیر)، کەلار، ٢/٣٠/٢٠١١.

٦- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شنۆ عەلی ڕەزا)، کفری، ٤/٣/٢٠١١.

٧- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نەوروز عەلی حەسەن)، کفری، ٦/١٠/٢٠١٠.

٨- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نوری غێدان حمد)، کفری، ٥/١٠/٢٠١٠.



## پاشکۆی بەڵگەنامەکان

پاشکۆی ژمارە (١) نەخشەی پەلامارەکانی ئەنفال، قۆناغی ( یەك و دوو )*




* فەرید ئەسەسەرد: ئەتڵەسی هەرێمی کوردستان ١٩١٤–٢٠٠٥،ب.ش،ب.س، ل ١٥٣.

## پاشکۆی ژمارە (٢) نەخشەی پەلاماری ئەنفال، قۆناغی ( چوار ) *




* فەرید ئەسەسەرد: س، پ. ل ١٥٧.



## پاشکۆی ژمارە (٣) نەخشەی پەلامارەکانی ئەنفال، قۆناغەکانی ( ٥ و ٦ و٧ )




* فەرید ئەسەسەرد: س، پ. ل ١٥٨.

## پاشکۆی ژمارە (٤) نەخشەی پەلاماری ئەنفال، قۆناغی ( هەشت)




* فەرید ئەسەسەرد: س، پ. ل ١٥٩.



## پاشکۆی ژمارە (٥) نەخشەی پەلاماری ئەنفال، قۆناغی (سێ/ گەرمیان)




* فەرید ئەسەسەرد: س، پ. ل ١٥٦.

پاشکۆی ژمارە (٦) نەخشەی پەلاماری ئەنفال، قۆناغی (سێ/ گەرمیان ) *




* وۆچ: س، پ.ل ٢٠٣.



پاشکۆی ژمارە (٧) نەخشەی پەلاماری ئەنفال، قۆناغی (سێ/ گەرمیان )*.




* وۆچ: س، پ.ل ٢٠٥.

پاشکۆی ژماره (٨) نەخشەی ناوچەی کەلار و تیلەکۆ*.





* زیاد عەبدولرەحمان: توونی مەرگ، چاپی دووەم ٢٠٠٤، ل ١٢١.

پاشکۆی ژماره (٩) نەخشەی ناوچەی چەمچەماڵ*.



* زیاد عەبدولرەحمان: س، پ، ل ١٢٢.

پاشکۆی ژمارە ( ١٠ ) نەخشەی ناوچەی سەنگاو*.



* زیاد عەبدولرەحمان: س، پ، ل ١٢٣.



پاشکۆی ژمارە (١١) نەخشەی گوندەکانی گەرمیان کە بەر پەلاماری ئەنفال کەوتوون*.



* سهیل خورشید عزیز: س، پ.

## پاشکۆی ژمارە (١٢)



وێنەی ژمارە (١) توێژەر لەگەڵ نەورۆز عەلی.



وێنەی ژمارە (٢) توێژەر لەگەڵ نوری غێدان





وێنەی ژمارە (٣) توێژەر لەگەڵ جواد ناوخاس.



وێنەی ژمارە (٤) توێژەر لەگەڵ شنۆ عەلی.



وێنەی ژمارە (٥) توێژەر لەگەڵ ئامینە وەلی.



نامارێکی گشتی ١٠ قەزاو ناحیە کە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون

| قەزا و ناحیە | کۆی گوندەکان | کۆی خانووەکان | کۆی خێزانەکان | کۆی دانیشتوان | کۆی ئەنفالکراو | کۆی قوتابخانە | کۆی نەخۆشخانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تیلەکۆ | ٨١ | ١٣٦٤ | ١٤٠٩ | ٧٥٩٦ | ٣٦٨٠ | ٤ | ١ |
| پێباز | ٦٩ | ١٨٤٩ | ٢٠٠٣ | ٩١٢٤ | ٤٤٢٠ | ٥ | ١ |
| قادر کەرەم | ٨٧ | ٤٠٤١ | ٦٢١١ | ٣٠٦٧٨ | ١٤٨٦٣ | ٢٥ | ٤ |
| سەنگاو | ٩٢ | ١٩٧٠ | ٢٠٠٠ | ١٠١٥٩ | ٤٩٢٢ | ١٣ | ٣ |
| کەلار | ٢٤ | ١٣٩٣ | ١٧٩٦ | ٩٤٣٠ | ٤٥٦٨ | ٧ | ١ |
| قەرەداغ | ٨٠ | ٢٢٤١ | ٢٢٧٣ | ١٢٢٥٤ | ٥٩٣٧ | ٣٠ | ٩ |
| چەمچەماڵ | ٦٥ | ١٨٩٨ | ١٦١٠ | ١١٦٥٣ | ٥٦٤٥ | ١٥ | ٢ |
| ئاغجەلەر | ٦٧ | ٢٨١٣ | ٢٧٦٠ | ١٤٨٦٤ | ٧٢٠١ | ١٠ | ١ |
| بازیان | ٥٥ | ١٤٨٢ | ١٥٤٢ | ٧٦١٦ | ٣٦٨٩ | ٢٠ | ٤ |
| دەربەندیخان | ٥٧ | ٢١٤١ | ٢١٩٥ | ١٠٦٢٣ | ٥١٤٦ | ١٥ | ٧ |
| **کۆی گشتی** | ٦٧٧ | ٢١١٩٢ | ٢٣٧٩٩ | ١٢٣٩٩٧ | ٦٠٠٧٦ | ١٤٤ | ٣٣ |

١. ڕێژەی سەری ئەنفالکراوەکان بۆ کۆی گشتی دانیشتوان .ڕێتی بە ٤٨،٤٥ ٪

٢. ئەو ئەژمارانە بەبێ مەرکەزی قەزاو ناحیەکانە

بەڵگەنامەی ژمارە (١)*

* زیاد عەبدولرەحمان: س، پ، ل ١٢٤.

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

مجلس قيادة الثورة

رقم القرار/ ١٦٠

تاريخ القرار/ ٢٩/ ٣/ ١٩٨٧

قــرار

استنادا الى احكام الفقرة (آ) من المادة الثانية والاربعين ، والفقرة (آ) من المادة الثالثة والاربعين من الدستور ، وتنفيذا" لما تقرر في الاجتماع المشترك لمجلس قيادة الثورة والقيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي المنعقد في ١٩٨٧/٣/١٨ .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة في ٢٩ /٣/١٩٨٧ مايلي :ـ

اولا • يقوم الرفيق علي حسن المجيد ، عضو القيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي ، بتمثيل القيادة القطرية للحزب ومجلس قيادة الثورة في تنفيذ سياستهما في عموم المنطقة الشمالية وضمنها منطقة كردستان للحكم الذاتي بهدف حماية الامن والنظام وكفالة الاستقرار فيها وتطبيق قانون الحكم الذاتي في المنطقة •

ثانيا • يتولى الرفيق عضو القيادة القطرية ، لتحقيق اهداف هذا القرار ، صلاحية التقرير الملزم لجميع اجهزة الدولة المدنية والعسكرية والامنية ، وبوجه خاص الصلاحيات المنوطة بمجلس الامن القومي ولجنة شؤون الشمال •

ثالثا • ترتبط الجهات التالية في عموم المنطقة الشمالية بالرفيق عضو القيادة القطرية وتلتزم بالقرارات والتوجيهات الصادرة عنه التي تكون واجبة التنفيذ بموجب هذا القرار •

١ـ المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان للحكم الذاتي •

٢ـ محافظو المحافظات ورؤساء الوحدات الادارية التابعين لوزارة الحكم المحلي •

بەڵگەنامەی ژمارە ( ٢ )

*بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق.



٣ـ اجهزة المخابرات وقوى الامن الداخلي والاستخبارات العسكرية •

٤ـ قيادات الجيش الشعبي •

رابعا • تلتزم القيادات العسكرية في المنطقة باوامر الرفيق عضو القيادة القطرية بكل ما يتصل بـ ( اولا" ) من هذا القرار •

خامسا • يعمل بهذا القرار من تاريخ صدوره وحتى اشعار آخر ، ويتوقف العمل بالاحكام القانونية التي تتعارض واحكام هذا القرار •

صدام حسين

رئيس مجلس قيادة الثورة

بەڵگەنامەی ژمارە ( ٢ )*

*بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق.

**بەڵگەنامەی ژمارە ( ٣ )***

سري وفوري

من / فل ٢

الى / م أ س ع ج ش ٣/

و/ مكتب تنظيم الشمال / ق فرع اليرموك العسكري / فل ٢ / فق ...

هيئة ركن امن فل ٢

الرقم/ ٦٦٠١٠/ ٥/ خلاصة عملاء أيران حتى الساعه ١٨٠٠/ ٢٦/ ٤/ ١٩٨٨/ ٠٠٠٠٠

فق ٢١/ ٥/ بالساعه ٠٦٠٠/ ٢٦/ ٤/ خرجت قوه مؤلفه من س/ ٣/ سرايا من وحدات لمش ٤٤٤ مع سرية من كتيبة مدفعات العباس لتفتيش قرية كلار القديمة /٢٨٣٣/ لفرز العوائل التي ستسفر من القريه نتيجة عملية الانفال الثالثه /٥/ تم تطويق القريه وتفتيشها ولم يتم العثور على شيء /٥/ بالساعه ١٣٠٠ عادت القوه بدون حادث/ ٠٠٠

نائب

٣٤٠٠ ناظم/ عزيز

*بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق.



**بەڵگەنامەی ژمارە ( ٤ )***

امة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة

حزب البعث العربي الاشتراكي
قيادة شعبة صلاح الدين
قيادة فرقة راوندوز
العدد / ح ٥ / ٦٦١
التاريخ / ١٩ / ٤ / ١٩٨٨

الى / خلايا الاعضاء كافه
م / توجيهات

تحيه رفاقيه

ادناه التوجيهات الصادره من قيادة الشعبه وهي على الشكل الاتي :

١. التعامل مع العوائل التي وصلت من مناطق المخربين معاملة المخرب وتقوم المنظمات الحزبيه بالتفتيش وجمع المعلومات واخبار الجهات الامنيه بذلك ان وجدت مواقف .

٢. الجهاز الحزبي مسؤول عن نظافة الرقعه الجغرافيه التي يحصل فيها حول العوائل المشار اليها في الفقره ( ١ ) . ويتم تبليغ المختارين بان اي عائله تسكن في منطقته ولم يخبر عنها يحجز هو وعائلته وتهدم داره واذا كان لم يعلم بذلك يحجز لمدة ثلاثة ايام .

٣. اذا وجدت خمسة عوائل فاكثر في محلة المختار المسؤول عنها يعدم مختار المحله .

٤. يمنع منعا باتا تسليم اي مخرب الى افواج الدفاع الوطني ويسلم فقط الى الامن . اما الاجهزه المعنيه تقوم هي الاخرى بتسليم المخربين الذين يسلمون انفسهم مع اسلحتهم الى الامن

٥. تنشيط رجال الدين والالتقاء معهم وحثهم على تعرية المخربين وقيادة اسيادهم العملاء .

٦. تقوم المنظمات الحزبيه بجمع المعلومات عن المخربين الملتحقين بجداول خاصه بهم وتدون فيها كافة المعلومات .

ويشمل جمع المعلومات عن التنظيمات الداخليه وعوائلهم حسب السكن وينظم لكل عائله جرد على حدى ويقدم هذا الجرد الى قيادة الفرقه خلال فترة اسبوع . واجبون التفضل بالاطلاع مع التقدير .

ودمتم للنضال

حزب البعث العربي الاشتراكي
قيادة شعبة صلاح الدين
قيادة فرقة راوندوز

ن / امين سر فرقة راوندوز

*بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق.

## بەڵگەنامەی ژمارە ( ٥ )*

مطبوعة
استخبارات المنطقة الشرقية
العدد / ١٠٢٧٢
التاريخ ١١/٤/٩٨٨

٢٤٥٦
٨٨/٤/١١

٦١٤٢
٤/١١

للللل

من/م١س العوز . سريه حوريه ١١/٤

الى/م١س‌م الشرقيه /ىآ

الرقم/١١/٥/٠/ الرتل الشمالي/٠/ بالساعه ١٤٠٠ تم احتلال وتعفير قرية اوباريت/٤٤
